# سکاندالّی ئێران-کۆنترا (١٩٨٥- ١٩٨٦)
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە

**(توێژینەوەی وەرگیراو: موستەل) موستەل لە دکتۆرا**

**پ. د.یاسین خالد حسن[١]، م. هاوار کمال میرزا عبدالله[١]**

١ زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی مێژوو

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ. د.یاسین خالد حسن، م. هاوار کمال میرزا عبدالله



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص البحث**:

إن المعاملة السرية التي جرت بين إيران وأميركا، تعد من أعقد القضايا التي تبح بأسرارها بعد. وأن حساسية الموضوع وتورط أغلبية ساحقة من مسؤلي الدولتين كلتيهما، وكذلك تورط كل من آية الله الخميني وروناالد ريگن انفسهما، فضلا عن إسرائيل في تلكم القضية. أدت إإلى التأمل والتحقيق الجادين حتى وقتنا الحاضر. لاجرم أن نظرة طهران بدورها تأمل في التصدي الرصين لسقوط الجمهورية الإسلامية، لكن وصل بهما الأمر إلى الاقتراب الأكثر في تلك المرحلة، وذلك نظرا للمصالح المتشابكة بين الدولتين المذكورتين، ومع ذلك كله، أن كشف تلك العلاقات مابرح أكبر فضيحة لكلا البلدين خصوصا أميركا. وفيما يخص منهجية البحث، فإن الباحث استخدم منهجا ـتاريخيا-سياسيا متبعا في الدراسة نفسها، حيث حاول جاهدا ان يجد تفسيرا علميا للعملية السرية بين الدولتين مع الاشارة الى جميع الاراء المتباينة و المتعددة. وقد قسمنا البحث إلى مدخل وثلاثة محاور ، حيث أشرنا في المحور الأول منها، متأثرا بإسرائيل، إلى الاقتراب السري بين إيران وأميركا وفيما يخص بالمحور الثاني، فإن تحدث عن عملية إرسال الأسلحة الفتاكة إإى طهران من قبل واشنطن.أما المحور الثالث، فيسلط الضوء على اكتشاف فضيحة إيران-كونترا، فضلا عن تأثيراتها الجارفة على تعقيد العلاقات بين الدولتين. وفي الختام وصلنا إلى نتائج عدة التي عرضت موجزة.

**Abstract**:

The secret relationship between Iran and America is one of the most complex issues, which many of its secrets are yet to be revealed. The sensitivity of the issue and the involvement of the authorities of the two countries including Ayatollah Khomeini and Ronald Regan, besides Israel, make the issue to be the subject of interest even today. Iran was making attempts to save its Islamic regime and the mutual interests of America with Iran made the two countries come closer in that period. Besides that, the reveal of the relations was a tremendous scandal for both sides, particularly America. The article relies on a political and historical approach to academically clarify the relationship of Iran with America. It consists of an introduction and three arguments. The first argument addresses the relationship of Iran with America under the influence of Israel. The second argument discusses the transportation of weapons to Iran by America. The third argument draws attention to the scandal of Iran- Jantraw and its effects in the deterioration of the relations. The article finally concludes its arguments and briefly mentions its findings.

## پێشەکی:

مامەڵەی نهێنی نێوان ئێران‌و ئەمریکا، یەکێك لە ئاڵۆزترین ئەو بابەتانەیە کە تا ئێستاش بەشێك لە ڕاستییەکانی ئاشکرا نەبوون. هەستیاری بابەتەکەو تێوەگلانی زۆرێك لە بەرپرسە باڵاکانی هەردو وڵات، بە خودی ئایەتوڵڵا خومەینی‌و ڕۆناڵد ڕێگنەوە، ئەمە جگە لە ئیسرائیل، وایکردووە تاوەکو ئێستا جێگەی تێڕامان بێت. پێویستی ئێران بە چەکی ئەمریکی ناچاریکرد ڕوو بکاتە واشنگتۆن، بە هیوای ڕێگرتن لە کەوتنی کۆماری ئیسلامی‌و بە تێڕوانین لە بەرژەوەندی تێکئاڵاوی تاران‌و واشنگتۆن، هەردولای گەیاندە ئەو بڕوایەی لەو قۆناغەدا لێك نزیك ببنەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئاشکرابوونی ئەم پەیوەندییە گەورەترین ئابڕوچوون بوو بۆ ئەمریکا بە تایبەتی.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە، میتۆدێکی مێژوویی-سیاسیی یە، کە زانستیانە شرۆڤەی بۆ مامەڵەی نهێنی ئێران‌و ئەمریکا کردووەو بیروڕاجیاوازەکانی ڕاڤەکردووە.

ئەم توێژینەوە لە دەروازەیەك‌و سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم باس لە نزیکبوونەوەی نهێنی ئێران‌و ئەمریکا کراوە، بە کاریگەریی ئیسرائیل. هەرچی تەوەرەی دووەمە لە پرۆسەی ناردنی چەك بۆ ئێران لەلایەن ئەمریکاوە دەدوێ، باسی سێیەم تیشکی خستۆتە سەر ئاشکرابوونی سکاندالی ئێران-کۆنترا کاریگەرییەکانی لەسەر ئاڵزتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران‌و ئەمریکا.لە کۆتایشدا گەیشتوین بە چەند ئەنجامێك‌و بە پوختی خراوەتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە چەندین سەرچاوەی دەستی یەك بە هەرسێ زمانی ئینگلیزی، فارسی‌و عەرەبی بەستراوە. وەك هەر توێژینەوەیەکی تر زۆرگرفت لە ڕێگەدابوون، بە نموونە، بێگومان یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی بابەتی سکاندالی ئێران-کۆنترا، ئەوەیە تا ئێستاش بەشێکی ئەو پەیوەندییە نهێنییە بە پەنهانی ماوەتەوەو نەخراوەتەڕوو، مردنی ولیەم کەیسی وەك سەرۆکی C.I.A، بە نموونە، زۆرنهێنی لەگەڵ خۆی بردەگۆڕەوە. جگە لەوەی ئەم دۆسیەیە بە فەرمانی بۆشی باوك داخراو بەشێکی زۆی بەڵگە نامەکان لە نێوبران...هتد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندەی لە بەردەستدا بێت هەوڵدراوە، ئەو گرفتانە کاریگەرییان لەسەر توێژینەوەکە کەم بکرێتەوە. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیەش وەك تێکڕای نوسینە ئەکادیمییەکانی دیکە، لە کەم‌وکوڕی‌و خەوش بێبەش نییەو بە هیواین دەروازەیەك بێت بۆ ساخکردنەوەی سندوقی ڕەشی دۆسیەی ئێران-کۆنترا، کە بە ئێستاشەوە بەردەوام زانیاریی نوێی لەسەر ئاشکرا دەکرێت.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەروازە: سەرەداوەکانی نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە ئێران:**

تاوەکوئێستا ئێران ناتوانێت بۆ مانەوەی وەك دەوڵەتێك، کە سەنگی هەرێمیو ڕەهەندی ئاینی هەبێت، پێویستیو گرنگیی زیندوویی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا، تێپەڕێنێت، وەك یەکێك لە پێداویستیە سیاسییەکان، نەك تاکتیکییەکان، لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، لەبەر گرنگی شوێنی ستراتیجی ئێران لە ڕووی ڕووبەرو و دانیشتوانەوە، هەردولایان تا ئێستاش درکیان بەوە کردووە[١].

لە ڕاستیدا ڕەفتاری ئێران لە پشتگیریکردنی تیرۆر، بووە یەکەمین ئاڵنگاری لە سیاسەتی ئیدارەی ڕێگن. بە تایبەتی ئەم پشتگیری کردنەی ئێران لە تێرۆر، لە لوبنان بە ئەکتیڤی ڕەنگی دابووەوە بە سوودوەرکرتن لە گروپە شیعەکان بە تایبەتی حیزبوڵلای لوبنانی. جگە لەوەی بە بەشداریکردنی ئەمریکا لە هێزی فرەڕەگەزی ئاشتی پارێزی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لوبنان، بە ئاشکرا هەست دەکرا بە زیادبوونی دوژمنایەتیو پەرەسەندنی کردەوەی تیرۆریستیی دژی ئەمریکا[٢].

بەهاتنە سەرکاری ولیەم کەیسی وەك سەرۆکی C.I.A، بە پێچەوانەی ستانسفیلد ترنەر سەرۆکی پێشوو، چالاکی نهێنی گێڕایەوە بۆ سیاسەتی دەرەوە، لەستراتیجیاندا:"مەبەستی سەرەکی لە چالاکی نهێنی پشتیوانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیە، بە شێوەیەکی سنوردار جێبەجێ دەکرێت، تاکو خۆ لابدرێت لە ئاشکرابوونی ڕۆڵی ئەمریکا یان دانپێدانانی بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئامانج لێی کاریگەری دانان نییە لەسەر نەهجی سیاسی لە ئەمریکا یان لەسەر ڕای گشتی، یاخود لە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەروەها چالاکییە دیپلۆماسییەکان ناگرێتەوە"[٣].

**تەوەرەی یەکەم: سەرەتاکانی نزیك بوونەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا:**

شتێکی ڕوون بوو لەوکاتەدا مەترسیو هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ستراتیژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، زیاترو گەورەتربوو،[٤] بەهۆی فرە ڕەهەندیی، لە سەر ئاستە جیاوازەکانو پێکدادانی بەرژەوەندییەکان لە نێوان تارانو واشنگتۆندا[٥]، لێرەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وایدەخواست لەسەر حسابی هاوپەیمانەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بگەڕێنێتەوە[٦]. بەم هەنگاوە ئەمریکا، هەوڵیدەدا باڵانس ڕابگرێت بەتایبەت لە نێو ئیدارەی ڕێگن ئاڕاستەیەك پەیدابوو کە لایەنگری پشتگوێ نەخستنی ئێران بوون.

پیلانی نایاسایی چەك بەرامبەر ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان لەژێر ناوی، ئۆپەراسیۆنی ستونی ماگ(Operation Magg Pie) بوو[٧]. بە ئێران گەیت(Iran-gate)و کۆنترا گەیت(Contra-gate)ناسرا، بە هۆی بەکارهێنانیی سودی ئەو مامەڵەیەی چەك بۆ یارمەتیدانی کۆنتراکانی نیگاراگوا[٨]، هەروەها بە سکانداڵی ئێران-

---

١ عادل علي عبد الله : محركات السياسة الايرانية في الخليج العربي، دار مدارك للنشر، ط ٢، دبي ،٢٠١٢ ،ص ١٥٧-١٦٢.

2James M.McCormick: American Foreign Policy and Process, Wadsworth Cengage Learning, 5th Edition, U.S.A, 2010, P.141.

٣ فرانك دانينو: وكالة الاستخبارات المركزية الاميركية CIA، ت: عبير المنذر، الانشارات العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ص٢١٠-٢١١.

4Kevin M. Woods, Williamson Murray, and Elizabeth A. Nathan: Interview: Major General Mizher Rashid al-Tarfa al-Ubaydi, Dubai, United Arab Emirates, 9 November 2009, **from book:** Kevin M .Woods and Others: SADDAM'S GENERALS; Perspectives of the Iran-Iraq War, Institute for Defense Analyses, Virginia, 2011, P.108. ؛Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy: The United States in the Persian Gulf, 1972–2005, The Johns Hopkins University Press, U.S.A ,2008, P.56.

5Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.56.

6Kevin M. Woods, Williamson Murray, and Elizabeth A. Nathan Op.Cit, P.108.

7Rodney Stich: Op.Cit, P.218.

8Nikki R. Keddie: Modern Iran; Roots and Results of Revolution Updated Edition, 2nd Edition, Yale University Press, U.S.A, 2006, P.258.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کۆنترا(The Iran–Contra scandal)ش ناودەبرێت[9]. ئێران-کۆنترا لە بنەڕەتدا دوو کێشـەی جیاوازبوو، یەکەم، هەوڵدانی ئیدارەی ڕێگن بۆ پڕچەککردنی میلیشـیا دژەکۆمۆنیسـتییەکان (بە کۆنتراکان ناسـرابوون) دژی حکومەتی نیگاراگوای؛ دووەمیان فرۆشتنی چەك بە ئێران، وەك پێشەکییەك بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندی دپیلۆماسی نێوانیان[10].

ورده ورده کاریگەریی جەنگ لەسـەر ئێران لە هەڵکشـاندابوو، ڕەفسـەنجانیی و لایەنگرانی بۆ پاراسـتنی ئێران، بە پێویسـتیان دەزانیی، گوڕوتینی شـۆڕشـگێڕیی دامرکێتەوە. لە سـاڵی ١٩٨٣وە، ڕەفسـەنجانی دەسـتیکرد بە هاندان‌و گرتنەبەری سیاسەتێکی زیاتر پراگماتی[11]. باڵی ڕەفسەنجانی تێڕوانینیان وابوو، تاران پێویستی بە واشنگتۆنە، بەبێ چەكو یەدەگی ئەمریکی، ئێران شکستی دەخوارد لە جەنگ[12]؛ بۆیە ڕەفسـەنجانی بە بێ دوودڵی خومەینیی قایلکرد، پێویسـتە مۆڵەتی بەرقەرارکردنی وەها پەیوەندییەك بدەن بە پەنهانی، بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە پەراوێز خسـتنی ئێران[13]. پاشـان بە بێ پارێزگاریی ئەمریکا لە ئێران لە بەرامبەر یەکێتیی سـۆڤیێت، واشـنگتۆنی خسـتبووە نێو ترسی ئەوەی، ئێران ببێتە پاشـکۆی سـۆڤیێت[14]. لە سـاڵی ١٩٨٤ ئێران چەند ئاماژەی نارد بۆ ئیدارەی ڕێگن، سـەبارەت بە ئامادەیی ئێران بۆ باشـکردنی پەیوەندی نێوانیان، بەڵام ئەم دەسـپێشـخەرییە لە واشـنگتۆن پشـتگوێ خرا. وەك ئەلتەرناتیڤێك، تاران لە ئیسرائیل نزیکبۆوە لە ڕێگەی (مەنوچێهر قوربانیفەر)ی ئێرانیی، کە بازرگانێکی چەکی نزیك لە ڕەفسـەنجانیی بوو؛ لەگەڵ عەدنان خاشـوقچی کە ملیاردێرێکی سـعودیی‌و بازرگانی چەك بوو، لە ئیسـرائیلەوە نزیك بوو، سعودییە لە ڕێگەی خاشـوقچی پەیوەندیی بە پرۆسـەی ئێران کۆنتراوە دروستکردبوو . مەبەستی ئێران کڕینی چەك لە ئیسـرائیـل‌و[15] وەك ئـامـانجێکی جیۆسـتراتیجی، ئێران هەوڵیدا ئیسـرائیـل بەکـاربهێنێت تەنها لە پێناو پەیوەندیکردن بە واشـنگتۆنەوە[16]، تاران پێی وابوو:"ئیسـرائیل هەمیشـە دەرگای بەرەو ئەمریکایە"[17]. جیا لەوە، لە سـاڵی ١٩٨٤وە تەلئەبیب، واشـنگتۆنی گەیاندبووە ئەو باوەڕەی، لە ناو سـوپای ئێراندا، باڵێکی میانڕەو هەیە، دژی خومەینیی‌و لایەنگریی ڕۆژئاوان. فرۆشـتنی چەك بەو باڵە دەبێـــتە هۆی بەهێزکردنیان‌و لە کۆتایشـدا دەتوانێ ببێتە

---

٩ محمد علي صداع حرج المحمدي: موقف الولايات المتحدة الأمريكية من حرب الخليج الأولى(١٩٨٠-١٩٨٨)، رسالة تقدم إلى مجلس كلية الآداب ، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في آداب- التاريخ الحديث، جامعة الانبار، العراق، ٢٠١٢، ص١١١.

10David Crist: The Twilight War: The Secret History of America's Thirty Year Conflict with Iran, 1st published, Penguin Press, New York, 2012, P.176-177.

11Ronen Bergman (Dr.): The Secret War with Iran: The 30-Year Clandestine Struggle Against the World's Most Dangerous Terrorist Power, Translated: Ronnie hope, Free Press 1st Press, New York, 2008, P.113.

12Trita Parsi: Treacherous Alliance the Secret Dealings of Israel, Iran and The U.S., Yale University press, craven Book, U.S.A, 2008, P.115.

13Kenneth M.Pollack: The Persian Puzzle; the conflict Between Iran and American, Random House, New York, 2005, P.214-215.

14Nikki R. Keddie: Op.Cit, P.258.

15Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P. 113-114.

16Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.114؛ Trita Parsi: Op.Cit, P.116.

17Trita Parsi: Op.Cit, P.116.

ئامرازێکی بەهێز بۆ سەرنگون کردنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران،[١٨] چونکە تەلئەبیب ئامانجی بەدەستهێنانی دۆستی نوێ بوو، بۆ دوای مردنی خومەینی[١٩] و سودیی ئابووریی بوو[٢٠].

بۆ یەکەمجار بیرۆکەی گێڕانەوەی ئێران، بە خومەینیو بێ خومەینی یەوە، بۆ ناو تەوەرەی رۆژئاوا [٢١]، لە کۆبوونەوەی هامبۆرگ بوو لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا،[٢٢] لە نێوان دیڤید کیمچە، بەڕێوبەری گشتی ئەوکاتی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، ئال شویمەر، کە ئیسرائیلی بوو بازرگانی چەکو وەك ڕاوێژکاری نزیکی شیمۆن پیرێزی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل خزمەتی کردبوو، هەروەها یەعقوب نەمرودی، پێشتر وەك پاشکۆ (مولحەق)ی سەربازیی ئیسرائیل لە ئێران خزمەتی کردبوو، لەگەڵ مەنوچێهر قوربانیفەر[٢٣]، لەگەڵ مەهدی کەڕوبیی، کە نوێنەری فەرماندەیی باڵای ئێران بوو لەگەڵ دکتۆر شهابادی، کە بەرپرسی پرۆسەی چەك کڕین بوو لە ئەڵمانیا. لەو کۆبوونەوەیەدا، قوربانیفەر ڕایگەیاندبوو، ئێرانییەکان لە بەرامبەر چەك وەرگرتن، بارمتە ئەمریکییەکانی لوبنان ئازاد دەکەنو هانی ئەمریکیەکانیدا لەگەڵ زیاتربوونی نەخۆشی خومەینی پێویستە واشنگتۆن کاریگەری و ڕۆڵی هەبێت لە ململانێ لەسەر دەسەڵات لە تاران[٢٤].

ئیسرائیل نەیدەتوانی بێ مۆڵەتی ئەمریکا چەك بە لایەنی سێیەم بفرۆشێت، کە پرۆسەی ستانچ بەربەستیی بۆ دروستکردبوو[٢٥]. تەلئەبیب ڕاستەوخۆ دەسپێشخەری کرد بۆ قایل کردنی واشنگتۆن، بۆ گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ حکومەتی تارانو فرۆشتنی چەك بە ئێرانو پشتگۆی خستنی وتاری ئەنتی رۆژئاوایی ئەو وڵاتە[٢٦]، زیاتر لەوە مامەڵەی چەك لە دیدی ئیسرائیلەوە بریتیبوو لە:"ئێران خەڵاتە"لەلایەن ئیدارەی ڕێگنەوە[٢٧]، ڕاستیش ئیسرائیل بە درێژایی ئەم مامەڵەیە ئەلتەرناتیڤ بوو بۆ ئەمریکا[٢٨]. بە قسەی مایکل لدین، وەك بەشدارێکی ئێران کۆنترا، پەیوەندییە:"لە ئێرانەوە دەستیپێکرد و لە ڕێگەی ئورشەلیم گەیشت بە واشنگتۆن"[٢٩].

١٨ محسن میلانی: شکل گیری انقلاب اسلامي( از سلطنت پهلوی تا جمهوری اسلامی)، ت: مجتبی عطارزاده، انتشارات گام نو، چ ٦، تهران، ١٣٨٨، ص٣٧٨.

١٩ سعد البزاز:الحرب السرية (خفايا الدور الاسرائيلى فى حرب الخليج)، مركز العالم الثالث للدراسات و النشر، لندن، ١٩٨٥، ص١٦٥.

20Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.114.
21Trita Parsi: Op.Cit, P.114.
22Ofira Seliktar :Op.Cit, P.55.
23Trita Parsi: Op.Cit, P.114.
24Ofira Seliktar :Op.Cit, P.55.
25Stephen C. Pelletiere: THE IRAN-IRAQ WAR; Chaos in a Vacuum, 1st Published, Praeger Publishers, New York, 1992, P.111.

٢٦ تريتا بارزي: ايران و المجتمع الدولي(القصة الكاملة للمناورات السياسية وحقائق المفوضات حول الملف النووي الإيراني)، ترجمة: زينة إدريس، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط ١، بيروت، ٢٠١٢، ص٤٠.

27Stephen C. Pelletiere: Op.Cit, P.112.
28Theodore Draper: A Very Thin Line; The Iran-Contra Affairs, Published by Hill and Wang, New York, 1991, P.328.

٢٩ بدون مؤلف: افشای روابط پنهانی رژیم خمیني با آمریکا، گاه شمار بهمن ماه ١٣٦٥، مجله شورا، ماهنامه شورای ملی مقاومت ایران، ضمیمه شماره(٣٨)، بهمن ماه ١٣٦٥، ص٦.

وەك بەشێك لە (کرانەوەی ستراتیجی-Strategic Opening) بەرامبەر بە ئێران[٣٠] و پاشان هەوڵە شکست خواردووەکانی ڕێگن بۆ ئازادکردنی بارمتەکان[٣١]، ڕێگن داوای لە کارمەندانی نوسینگەی خۆی کردبوو، ڕێگەیەك بۆ ئەو ئازادکردنەیان بدۆزنەوە[٣٢]، کە لەلایەن حیزبوڵڵای لوبنانییەوە لە نێوان مارتی ١٩٨٤ و حوزەیرانی ١٩٨٥ فڕێندرابوون[٣٣] بە سود وەرگرتن لە کاریگەریی ئێران لەسەر ئەو گروپە شیعە توندڕەوانە[٣٤]، چونکە ڕێگن سوربوو لەسەر ئازادکردنی بارمتەکان، بە قسەی جۆرج شوڵتز[٣٥]. هەموو ئەمانە پێشەکییەك دەبوون بۆ دەسپێکی گفتوگۆیەکی سیاسیی‌و ستراتیجی، لە نێوان ئێران‌و ئەمریکادا[٣٦]، خودی ڕێگن بە مۆڵەتی فەرمیی‌و بە نهێنیی ڕێگەی دا بە فرۆشتنی چەك بە ئێران،[٣٧] کە شکاندنی قەدەغەی فرۆشتنی چەك بوو لەلایەن خودی ئەمریکاوە بە ئێران[٣٨] و پێشێلکردنی سیاسەتی ئاشکرای ئیدارەی ڕێگن بوو لە مەڕ دابڕینی ئێران‌و پێشێلکردنی یاسای ئەمریکا بوو سەبارەت بە گواستنەوەی چەك بۆ ئێران‌و تێکدانی پرۆسەی دیموکراسی لەو وڵاتە[٣٩]، چونکە حکومەتی ئەمریکا هەڵوێستێکی توندی گرتبووەبەر دژی گفتوگۆ بوو[٤٠]. هەربۆیە لە٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٨٢دا، کۆنگرێس یەکەمین دەستکاری بڕیارنامەی پۆلاندی کرد، کە قەدەغەیکردبوو C.I.A دارایی بەکار بهێنێت بۆ ڕوخاندنی حکومەتی نیکاراگوای[٤١].

ئەمریکا لەسەروی هەموویانەوە ڕێگن دەستیکرد بە گۆڕینی شێوازی مامەڵەی لەگەڵ ئێران لە ١٩٨٤ و ١٩٨٥ و بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٧٩و ١٩٨٠، بە ڕوونی هەوڵیدا بۆ هێنانە پێشەوەی میانڕەوەکان لەو وڵاتە، لە ڕێگەی فرۆشتنی چەك بە ئێران[٤٢]. ئیدی ئامانجی گێڕانەوەی ئێرانی ڕادیکاڵ نەبوو بە ڕێبەریی خومەینی بۆ ناو تەوەرەی ڕۆژئاوا، بەڵکو لە نێو ئیدارەی ڕێگن کار بۆ بەهێزکردنی میانڕەوەکان بوو لە ناو ئێراندا، کە دەیانتوانی سیاسەتی تاران بە ئاراستەی

---

30Gary Sick: the United States in the Persian Gulf from Twin Pillars to Dual Containment**, from book:** David W. Lesch (Edited): The Middle East and the United States; A Historical and Political Reassessment, 3rd Edition, Westview Press, U.S.A, 2003, P.295؛ David W.Lesch and Mark L Haas: The Middle East and the United States; History, Politics, and Ideologies, Routledge, 6th Edition, New York, 2018, P.241.

31Steven W. Hook and John Spanier: American Foreign Policy Since World War II, CQ Press-an Imprint of SAGE Publications, Inc., 20th Edition, U.S.A, 2016, P.140 ؛David W.Lesch and Mark L Haas: Op.Cit, P.241 ؛Gary Sick: Op.Cit, P.295.

32Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.212.

33Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.54.

34Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.117.

35Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.60.

36Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.117.

37Eric Foner: Give Me Liberty! ; An American History from 1865, Volume 2, W.W. Norton& Company, 3rd Edition, New York, 2011, P.1115.

38Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.55 ؛Steve A. Yetiv: National Security through a Cockeyed Lens: How Cognitive Bias Impacts U.S. Foreign Policy, Johns Hopkins University Press, Maryland, U. S.A, 2013, P.26 ؛ Stephen C. Pelletiere: Op.Cit, P.112.

39Joost R. Hiltermann: A Poisonous Affair; America, Iraq, and the Gassing of Halabja, Cambridge University press, first Published, New York, 2007, P.76.

40Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.55؛ اسداللة خليلي (گردآوری و تدوین): روابط ایران و آمریکا؛ بررسي ديدگاه نخبگان آمریکایی (کتاب نخست) ، ویراستار: شکوه السادات حسینی ، چ ١، مؤسسه فرهنگی و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، ١٣٨١، ص١١٨.

41Robert Andrew Venables: The Decision to Apply a Modified Reagan Doctrine toward Mozambique: A Case Study of the Bureaucratic Political Model, Submitted in accordance with the Requirements for The Degree of Master of Arts in the Subject of International Politics at The University of South Africa, University of South Africa, January 2012, P.100 ؛Steve A.Yetiv: National Security through a Cockeyed Lens, P.26.

42Steve A.Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.54.

ڕۆژئاوا بگۆڕن[43]، بە تایبەت لەگەڵ نەمانی خومەینی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران[44]. لە بەهاری ١٩٨٥دا، ئێرانییەکان لە ڕێگەی مەنوچێهر قوربانیفەڕەوە هەوڵیاندا پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوەیی ئەمریکاوە بکەن[45]، قوربانیفەڕ لە ڕێگەی ئۆفیسـی عەدنان خاشـوقچی یەوە، پەیوەندی بە ئیسـرائیلەوە کردو پێشـنیاری ئەوەی خسـتنە بەردەسـت، ئەگەر یارمەتی بدەن لە کڕینی موشـەکی تاوی ئەمریکی، ئەوە کاردەکات بۆ ئازادکردنی ولیلم باکلی، بگرە ئەمریکا هەلی ئەوەی دەسـت دەکەوێت هەر بارمتەیەکی تری ئەمریکیی ئازاد بکات[46]، لە داهاتوودا، بەڵام ڕۆبێرت ماکفارلین ئەم بیرۆکەی پەسەند نەکرد. دواتر لەژێر فشاری شیمون پیریز بەمە قایل بوو[47].

لە مانگی ئایاردا، ڕێگن لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ شـۆڵتزو واینبێرگەرو ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوەیی ئەمریکاو ولیام کەیسـی، بابەتی پەیوەندیی فەرمی ئێرانیەکانی بە ئەمریکاوە خسـتە بەرباس، کاتێك مەرجو دۆخو داوای هەردوو وڵات خرایە ڕوو، شولتزو واینبێرگەر پشتیوانی پەیوەندیی نەبوون لەگەڵ ئێران، هەر ئەمە وایکرد، ڕێگن ئەم پەیوەندییە بە نهێنیی بهێڵێتەوەو پەروەندەکە بسپێرێت بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی[48]، ئەمەش بۆ ململانێی لەپێشینەی وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەگەڕایەوەو لە بابەتی ئێران-کۆنترا گەشتەلوتکە[49]. شـۆڵتزو واینبێرگەر ئاگاداری تەواوی مامەڵەکە بوون، بەڵام لەبەر پشـتیوانی توندی ڕێگن، ویسـت وئارەزووی دژایەتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕێگن نەبوو[50].

ئەم دۆخە پەیوەندییەکی تەریبیی هێنایە کایەوە، واشنگتۆن دەیویست بارمتەکانی لە لوبنان ئازاد بکات، ئیسرائیل دەیویسـت پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئێران دروسـتبکاتو تاران لە هەوڵی دەسـتڕاگەشـتنو بەدەسـتهێنانی چەکی دەدا[51]. لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٥دا، بەڵگەنامەیەکی گرنگ لە ئیدارەی ئەمریکادا خرایە ڕوو بەناوی(سـیاسـەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران)، پێی لەسـەر ئەوە داگرتبوو ئێران لە مەترسـیدایەو هەروەها لەسـەر بەرژەوەندییە خێراو درێژمەوداکانی ئەمریکا کرابوویەوە[52].

لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٥دا، شولتز یاداشتی"سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران"ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەویی، پەسـەندکرد، بەڵام پێیوابوو زیادەڕەوی کراوە لە پێشـخسـتنی سـۆڤێت بەسـەر ئەمریکاداو ئەو یارمەتییە سـەربازیانە دەبێـتە هۆی درێژکردنەوەی جەنگی عێراق-ئێران، ئەوەش واتە:"لە کۆتاییدا سـەرکەوتنی ئێرانو کڵپەسەندنی[دەرکەوتنی] وزەیەکی نوێی دژە ئەمریکایی لەسەراسەری ناوچەکە"[53]. بە تەماشاکردنی ڕوداوەکان، ئەم تێڕوانینە لە تێکڕایان لە ڕاستیی نزیکتربوو.

---

43Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.114؛ Trita Parsi: Op.Cit, P.114.
44Trita Parsi: Op.Cit, P.114.
45Ibid, P.117.
46Peter Kornbluh and Malcolm Byrne: The Iran-Contra Scandal; the Declassified History (A National Security Archive Document Reader), The New Press, New York, 1993, P.243.
47Trita Parsi: Op.Cit, P.116-117.
٤٨ تمام البرازيي: يوميات الفضيحة الايرانية-الصهيونية الامريكية، دار الفكر للنشر، عمان، ١٩٨٧، ص١٨٦.
49James A. Bill: The Eagle and Lion: The Tragedy of American-Iranian Relation, Yale University Press, Unites States of America, 1988, P.409.
50Ibid, P.413.
51Trita Parsi: Op.Cit, P.117.
52Ibid, P.115.
53Steve A.Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.57.

لە ٣ی تەموزی ساڵی ١٩٨٥دا *، دیڤید کیمچە سەردانی نوسینگەی ماکفارلینی کرد لە کۆشکی سپی. لە گفتوگۆیاندا، کیمچە بارودۆخی ئێرانی بە نزیک لە داڕمان دایە قەڵەم[٥٤]، بەهۆی زیادبوونی نەیارانی ناوخۆی ئێرانو پێیوابوو میانڕەوانی ناوئێران، کە لایەنگریی ڕۆژئاوان پێوەستیان بە پشتیوانی دەرەکیی هەیە، بە تایبەت ئەمریکا. بۆ دەرخستنی نیازپاکییان پێشنیاریانکردووە، بارمتەکانی ئەمریکا ئازادبکەن[٥٥]، لەبەرامبەر(١٠٠) موشەکی تاو(TOW) ، ئیسرائیل پێشنیاری کردبوو، ئەگەر ئەمریکا پێداویستی موشەکی ئیسرائیل بنێرێت، ئەوە تەلئەبیب ئەو موشەکانە بە تاران دەدات [٥٦]. وەك کیمچە بە ماکفارلینی گوت:"باوەڕیان]میانڕەوەکان[ بە تواناو دەسەڵاتیان هەیە، بۆ هەستان بەوکارە"، بەرامبەر کەرەستەی سەربازیی. وادەهاتە پێشچاو کرانەوە بەڕووی میانڕەوەکاندا، ئەمریکا لە ئێران نزیك دەکاتەوەو بارمتەکانیش ئازاد دەکات[٥٧].

منوچێهر قوربانیفەر پێشنیاریکرد ئەمەریکا ڕێگە بدات بە ئیسرائیل بۆ فرۆشتنی نزیکەی (١٠٠) موشەکی تاوی دژە تانك بەرامبەر ئازادکردنی حەوت بارمتەکەی ئەمەریکا لە لوبنان قوربانیفەر ئاماژەی بەوەکردبوو، ئەم مامەڵەی چەکە بەرامبەر بارمتەکان بەوە دەبێتە هۆی باشکردنی پەیوەندی بە ڕژێمی خومەینیەوە[٥٨].

لە ٩ی تەمموز قوربانیفەڕ کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لە هامبۆرگ لە ئەڵمانیا لە نێوان مەهدی کەڕوبی نوێنەری فەرماندەیی باڵای ئێرانو ئیسرائیلییەکاندا، کە بەرپرسێکی نزیکی ئایەتوڵڵا خومەینیو پشتیوانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیی بوو لەگەڵ واشنگتۆن. لە گفتوگۆیەکی چوار کاتژمێریدا، کەڕوبی نەیشاردەوە کە لە ڕاستیدا ئێران لە قەیراندایە، بە ئیسرائیلییەکانی گوت:"ئەمریکا دەتوانێ یارمەتی ڕزگارکردنی ئێران بدات لەو دۆخە قورسەی تێیکەوتووە"،و جەختیکردبووەوە ئێران گرنگی بە هاریکاری لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەدات، چونکە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. کەڕوبی هۆشداری دابوو ئەگەر ئێران شکست بهێنێت بەرامبەر عێراق، ئەگەر ئەمریکا دەستێوەردان نەکات، ئێران دەکەوێتە تەوەرەی سۆڤییەتەوە. کۆمۆنیزمی بە دوژمنی هاوبەشی ئێرانو ڕۆژئاوا دایە قەڵەم. بەکورتی داوای چەکی کردبوو، ئیسرائیل ئامادەیی دەربڕیبوو ببێتە:"پرد لە نێوان ئێرانو ڕۆژئاوا" . ماکفارلین پەیوەندیکرد بوو بە شولتزو واینبێرگەرەوەو پێشنیاری ئیسرائیلی لەگەڵ تاوتوێکردن، سەبارەت بەوەی حەسەن کەڕوبی ئامادەیی دەربڕیبوو بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە لوبنان، لە بەرامبەر ئەوەی ئیسرائیل (١٠٠) موشەکی تاو بدات بە ئێران، تاوەکو بۆ لایەنگرانی بسەلمێنێت، مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوادا سودی ئەرێنی خۆی هەیە ، بەڵام شولتزو واینبێرگەر بیرۆکەیان ڕەتکردەوە[٥٩]. پاش ئەمە بە چەند ڕۆژ ماکفارلین، ئەم پێشنیارەی گەیاندە ڕێگن، وەڵامی ڕێگن چاوەڕوان نەکراوبوو:"ئەوە هەواڵێکی گەورەیە"و ماکفارلینی ڕاسپارد چاو بەو بابەتەدا بخشێنێت[٦٠].

لە ١١ی تەمموزی ١٩٨٥دا، کاسپار واینبێرگەری وەزیری بەرگری ئەمریکا لە کومێنتێکی لەسەر ڕاپۆرتی "سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێرانی"ی ١١ی حوزەیرانی مانگی رابردوو، ئاماژەی بەوە کردبوو کە پێویستە ئەمریکا ئاسانکاری لە

* سەرچاوەی تر بە ٣ی ئابی دادەنێن، بەڵام ئەمە هەڵەیە، بڕوانە:.Trita Parsi: Op.Cit, P.119

54Peter Kornbluh and Malcolm Byrne: Op.Cit, P.243 ؛David Crist: Op.Cit, P.178 ؛ Trita Parsi: Op.Cit, P.119.
55David Crist: Op.Cit, P.178.
56Peter Kornbluh and Malcolm Byrne: Op.Cit, P.243؛ Trita Parsi: Op.Cit, P.119.
57David Crist: Op.Cit, P.178.
58Ibid, P.179.
59David Crist: Op.Cit, P.596-597.
60Ibid, P.178.

جڵەوگیریو سنورداركردنی فرۆشتنی چەك بكات بە ئێران، ئەمەش دەبێتەهۆی فرۆشتنی زیاتری چەكی ئەمریكی بە ئێران و گۆڕانكاری گونجاو لە هاوسەنگی ستراتیژی لە بەرژەوەندی ئێران، ئەمە لە كاتێكدا خومەینی هێشتا :" كۆنترۆڵی دەسترۆیشتوویی" بەدەستبوو[٦١]. واینبێرگەر بەڵگەكەی بۆ كۆڵن پاوڵی گێڕایەوەو لەسەری نوسیبوو:"ئەم بڕیارە لەوە پوچترە، كۆمێنتی لەسەر بدەم"[٦٢]. واینبێرگەر پێیوابوو ڕێگن:"ئامۆژگاری نادڵسۆزانە" دەكرێتو:"كەسایەتی میانڕەو نییە لە ئێران تا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت"، بەڵام ڕێگن ڕێگە دەدا بە پێدانی چەك بە C.I.A بۆ ناردنی بۆ ئێران[٦٣].

**تەوەرەی دووەم: دەسپێكی كرداریی پرۆسەی ناردنی چەك بۆ ئێران:**

ڕێگن لە ٦ی ئابی ١٩٨٥دا، تیشكی سەوزی هەڵكرد بۆ ناردنی موشەكی تاو بۆ ئێران[٦٤]، لێرەوە یەكەمین باری چەك بوو نێردرا بۆ ئێران، لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە، كە پێكهاتبوو لە (٥٠٤) موشەكی دژەتانكی تاو. لە بەرامبەردا، ئیسرائیل چەكی لە ئەمریكاوە پێدەگەیشتو ئەمریكاش سودی خۆی لە فرۆشتنی ئەو چەكانە وەردەگرت[٦٥] لە ٢٠ی ئابی هەمان ساڵدا، فڕۆكەیەكی ئیسرائیلی لە جۆری بوینگ(٧٠٧) لە تاران نیشتەوەو (٩٦) موشەكی تاوی ئەمریكی هەڵگرتبوو، كە ژمارەیەك لە سوپای پاسداران، دەستیان بەسەر بارە موشەكەكەدا گرت[٦٦].

لە كۆبوونەوەیەكی لە ئەوروپا، قوربانیفەر ئەوەی خستە ڕوو، پێویستە ئەمریكا بارێكی تر موشەك بۆ ئێران بنێرێت كە لە (٤٠٠) موشەكی تاو پێكهاتبێت بۆ ئازادكردنی بارمتەكان، دوای پەیوەندییەكی تەلەفونی لە نێوان ڕێگنو ماكفارلین، ڕێگین قایلبوو بە داواكارییەكە، سەر لە بەیانی ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٥ فڕۆكەیەكی ئیسرائیلی دیكە لە باكوری ڕۆژئاوای شاری تەبرێزی ئێران نیشتەوە بە یاوەریی قوربانیفەر، (٤٠٨) موشەكی تاوی هەڵگرتبوو، ئێرانیەكان ئەوەیان ڕاگەیاند كە یەك بارمتە ئازاد دەكەنو با ئەمریكا ناوی یەكێك لە بارمتەكان هەڵبژێرێت، ماكفارلینو ولیەم كەیسی سووربوون لەسەر ویلیام باكلی، بەڵام پێیان ڕاگەیاندرا باكلی نەخۆشەو ناتوانێ، بەڵام ڕاستییەكەی كوژرابوو لە حوزەیراندا، دواتر ماكفارلین، قەشە بنیامین وایر(Benjamin Weir)ی دیاریكرد[٦٧]. ئەمە گۆڕانیی سیاسەتی ئەمریكا بوو بە شێوەیەكی چالاك، بەلایەنی كەمەوە لەسەر ئاستی نهێنیی، لەگەڵ ئێران[٦٨]. هەواڵی مامەڵەی نهێنی چەك لەگەڵ ئەمریكیو ئیسرائیلیەكان، دوای گەیشتنی فڕۆكەی دووەم كە موشەكە تاوەكانی پێ بوو، گەیشتە خومەینی، لایەنگریی خۆی بۆ پراگماتییەكان دەربڕیی، چونكە خومەینی هەرگیز بواری بۆ كرانەوەی ستراتیژی نەدەدا[٦٩].

61Steve A.Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.57.
62David Crist: Op.Cit, P.176.
٦٣ ثیودور دریثر: عصبة ریجان; المؤسسات وقضیة إیران و الكونترا، **لە كتێبی:** تشارلز كیجلي و یوجین ویتكوف(إعداد): السیاسة الخارجیة الأمریكیة ومصادرها الداخلیة(رؤى وشواهد)، ت: عبدالوهاب علوب، المشروع القومي للترجمة، ط١، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٢٣٥.
64Trita Parsi: Op.Cit, P.119.
65Ronen Bergman(Dr.): Op.Cit, P.116.
66David Crist: Op.Cit, P.181.
67Ibid, P.181-182.
68David W.Lesch and Mark L Haas: Op.Cit, P.241.
69David Crist: Op.Cit, P.182-183


*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە ١٥ی ئەیلول حزبوڵڵای لوبنانی، بنیامین وایری قەشەیەکی ئەمریکیی ئازاد کرد [٧٠]، ئەمریکییەکان چاوەڕێی ئازادکردنی بارمتەکانی تریان دەکرد، وەك لە سەرەتا ڕێکەوتبوون، بەڵام ئەوە ڕوووینەدا [٧١]. ئێرانییەکان هەر جارێك یەك بارمتەیان ڕزگار دەکرد، بە هیوای بەدەستهێنانی چەکی زیاترو هاندانی ئەمریکییەکان بۆ ناردنی چەکی زیاتر، بە تایبەتی ڕادیکاڵەکان گروپەکانی وابەستەی خۆیان لە لوبنان هاندەدا، خەڵکی ئەمریکی بە بارمتە بگرن، تا مامەڵەی یەکلایەنە بەردەوام بێت [٧٢] بۆ بەدەستهێنانی چەکی زیاتر لە ئەمریکاوە. ماکفارلین لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ لە ڕێگەی نامەیەکی نهێنییەوە دەستی لە کار کێشایەوە، لە ٤ی کانونی یەکەم ڕێگین، )جۆن مارلان پۆیندکستەر(ی جێگری، وەك ڕاوێژگاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دیاریکرد[٧٣].

لە کۆبوونەوەی ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥ی نێوان هەریەک لە ڕێگن، جۆرج شۆلتز، واینبێرگەر، پۆیندکستەرو جون مەکاماهۆن جێگری‌و ولیەم کەیسی بەشداریان تێدا کرد، شۆلتز بە گوڕوتینەوە ڕایگەیاند، دژی مامەڵە کردنە لەگەڵ تیرۆرستان، واتە ئێرانییەکان، بۆیە گوتی:" پێویستە لەسەرمان]ئەمریکا[ سنورێك بۆ ئەو چالاکیە دابنێین، پێویستە بیوەستێنین، ئێمە ئێرانیەکان هانبدەین بۆ فڕاندن]ی ئەمریکییەکان[ لە پێناو قازانجدا"[٧٤]. واینبێرگەر هەمان ڕای ماکفارلینی هەبوو، پێیوابوو هێشتا ئێران لە کرۆکدا دژی ئەمریکایە، ئەو کارە دژی یاسایەو پرۆسەی ستانج پەکدەخات‌و بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، هەروەها ڕاستگۆییمان لای هاوپەیمانیەکانیان لە دەست دەدەین[٧٥]. نەك ڕای پنتاگۆن‌و کۆشکی سپی گوێی لێنەگیرا، بگرە لە دوای ئەمە ئۆلیڤەر نۆرس بیرۆکەیەکی شەیتانی بۆ هات، دەتوانرێت بەکارهێنانی سودی ئەو مامەڵانەی چەك بە ئێران دەفرۆشرێت، بەکار بهێنرێتوو بۆ دابینکردنی دارایی بۆ شۆڕشگێڕکانی نیگاراگوا[٧٦]. ڕێگن لەگەڵ تێڕوانینی ماکفارلین‌و واین بێرگەردا نەبوو، بگرە لە هەمان ڕۆژی کۆبوونەوەکە ڕێگن ماکفارلینی نارد بۆ لەندەن بۆ چاوپێکەوتنی قوربانیفەرو پێکهاتن لەبارەی مامەڵەی زیاتر لە داهاتوودا. هەرچەند گومانی ماکفارلین دوای ئەم کۆبوونەوەی لەگەڵ قوربانیفەر کەمتر بۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی تر پێشنیاری کرد بۆ ڕێگن، پرۆسەکە کۆتایی پێبهێنێت[٧٧].

ڕۆناڵد ڕێگن، لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٦ دا، فەرمانێکی زۆر نهێنی ئیمزاکرد لە ژێر ناوی (دۆزینەوەی پێویستی Finding of Necessity)و ڕایگەیاند کە فرۆشتنی چەك بە ئێران لە بەرژەوەندی وڵاتی ئەمریکادایە[٧٨]. ئەم فەرمانە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی بوو کە C.I.A ئەنجامیدابوو [٧٩]، پرۆسەیەکی نهێنیی بوو، کە C.I.A ڕاسپێردرا بوو بۆ ناردنی چەك بۆ ئێران، ئامانجەکە نەگۆڕبوو، بەوە ڕێگن دەیویست کەسانی میانڕەوی ناو حکومەتی ئێران بەهێز

70Trita Parsi: Op.Cit, P.119.
71Ronen Bergman (Dr.): Op.Cit, P.116.
72Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.214-215.
73David Crist: Op.Cit, P.184-185.

**٧٤** فرانك دانینو:المصدر سابق، ص٢٢٦.

75David Crist: Op.Cit, P.185.

**٧٦** فرانك دانینو:المصدر سابق، ص٢٢٦.

77Trita Parsi: Op.Cit, P.120.
78Steve A. Yetiv: National Security through a Cockeyed Lens, P.27-28 ؛Steve A.Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.57.

٧٩ ثیودور دریبر: المصدر سابق، ص٢٣١.

بکـات [80]. زیـاتر لەوە وەزارەتی دەرەوەو پـنتـاگۆن ئـاگـادار نەکرانەوە لەم بڕیـارە [81]. ڕێگن فەرمـانیـکرد، بە بیانوی"هەستیاری زۆر"و"مەترسی ئاسایشی"بە پەنهانی بمێنێتەوە. نهێنی بوونی ئەم کارە بە ڕادەیەك بوو فەرمانەکان تەنها یەك کۆپییان لێ دەردەچوو، لە لای پۆیندیکستر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پارێزراوبوون[82].

بەو پارەیەی لە فرۆشـتنی چەك بە ئێران دەسـت دەکەوت، تەرخاندەکرا بۆ شـەڕی نهێنی کۆنتراکانی نیگاراگوا دژی حکومەتەکەیان [83]، ئەمەش بە یاسـا قەدەغەکراوبوو لە لایەن کۆنگرێسـەوە [84]. لە ١-٥ی شـوباتی ١٩٨٦ لە فرانکفۆرت، زنجیرەیەك کۆبوونەوە ئەنجامدرا، بە بەشـــداریی ئۆلیڤەر نۆرس‌و قوربانیفەرو ئەمریرام نیر، ڕاوێژکاریی ســەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بۆ کاروباری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. ئەم کۆبوونەوانە یەکەمین چاوپێکەوتنی فەرمی ئێرانیی‌و ئەمریکییەکان بوو لەســەر ئاسـتی باڵا، چونکە نێردەی ئێران، ئەندامی مەکتەبی ســەرۆك وەزیرانی ئێران‌و ئەفســەری دەزگای هەواڵگریی تێدابوو[85]. لە شوباتدا زنجیرەیەکی تر کۆبوونەوە لە نێوان ئێران‌و ئەمریکادا ئەنجامدرا.

لە ١٥ی شوباتی ١٩٨٦دا، فڕۆکەیەك لە بنکەی ئاسمانی کیلی سەر بەهێزی ئاسمانی، نزیك سان ئەنتۆنیۆ لە ویلایەتی تەکساس، هەڵگری یەکەمین باری (٥٠٠)موشەکی تاو، بەرەو ئیسـرائیل فڕی و لە ١٧ی شـوبات گەیشـتە ئێران، دوای (١٠) ڕۆژی تر(٥٠٠) موشـــەکی تری تاو، گەیشـــتە فڕۆکەخانەی هاوبەشـــی ســـەربازیی مەدەنی لە بەندەر عەباس، ئەمە لە کاتێکدابوو هێشتا هیچ بارمتەیەکی تر ئازاد نەکرا بوو[86].

لە ١٩ی شـــوباتی١٩٨٦دا، لە کاتژمێر(٥)ی دوای نیوەڕۆ، چوار بەرپرس‌و شـــارەزای ســـەربازی ئەمریکیی لە ئوتێلی شـیراتۆن(Sheraton Hotel) لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت بە جلی ئاسـاییەوە چاویان بە کاربەدەسـتانی ئێران کەوت، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەمریکییەکان زانیاریی هەواڵگری هەســـتیاریان خســـتە بەردەســـت ئێرانییەکان، ئەمریکییەکان بەرپرسیاریەتی ڕاستیی‌و وردیی زانیارییەکانیان گرتە ئەستۆ. ئەم کۆبوونەوە زۆر نهێنی بوو[87]. هەندێك ناڕوونی لەم کۆبوونەوانەدا هەیە بەتـایبەتی لەبـارەی بەشـــداربووان‌و مێژووی کۆبوونەوەکـان، بەهۆی بێـدەنگی ســـەرچـاوە فەرمییەکانەوە.

جارێکی دیکە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٨٦ قوربانیفەر کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لە ئوتێلی شیراتۆن لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیان، کە ئۆلیڤە نورس‌و ڕاوێژکارێکی حسـین موسـەوی سـەرۆك وەزیرانی ئێران، بە ناوی (موحسـین کنگرلو) لەگەڵ ئەفســەرێکی ســەربازی ئێران بەناوی عەلی ســامی بەشــدار بوو[88]، لای ئەمریکاوە پێنج کەس بەشــداربوون، پێکهاتبوو لە ئۆلیڤر نۆرس، جەنەڕاڵ ســیکۆرد، ئەلبێرت حەکیم‌و کەســێکی تر کە نەناســرابۆوە، هەروەها مەنوچێهر قوربـانیفەڕ نێوەنـدگیر بەشـــدار بوو. نۆرس ئەوەی بە ئێرانییەکـان ڕاگەیـانـدبوو، هەوڵـدەدەن بۆ پەیوەنـدییەکی ڕاستەوخۆو یەکسانانە لە نێوان تاران‌و واشنگتۆندا. نۆرس لە بەرامبەر ناردنی(١٠٠٠) موشەکی تاو، داوای پەسەندکردنی

---

80James A. Bill: The Eagle and Lion, P.308.
81Trita Parsi: Op.Cit, P.121.
٨٢ ثیودور دریتر: المصدر سابق، ص٢٣١-٢٣٢.
83Richard Foltz: Iran in World History, Oxford University Press, New York, 2016, P.114 ؛Bruce Riedel :What We Won (America's Secret War in Afghanistan 1979–89), Brookings Institution Press, Washington, D.C, 2014, P.120.
84Bruce Riedel :Op.Cit, P.120.
٨٥ يورجين روث : صفقة السلاح المشبوهة وحرب الخليج، ترجمة: د.سامي أبو يحيى، مطبوعات الشعب، القاهرة، ١٩٩٠، ص٢٠.
86David Crist: Op.Cit, P.188.
٨٧ محسن هاشمی و حبیب ا.حمیدی: ماجرای مك فارلین (فروش سلاح-آزادی گروگان ها)،دفتر نشر معارف انقلاب،چ٢،تهران،١٣٨٧، ص٨٨.
88David Crist: Op.Cit, P.188.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ناردنی دەستەیەکی پلە باڵای ئەمریکا بۆ ئێران‌و داوایکرد پەیوەندی بە وڵاتەکەیانەوە بکەن‌و وەڵامی بدەنەوە [٨٩]. ئەنجام هەردولا ڕێکەوتن، کۆبوونەوەیەکی تر لە جەزیرەی (کیش) لە کەنداو ئەنجام بدەن، نۆرس لە نامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ ماکفارین ئاماژەیکردبوو سەرەڕای شکستی لە قایلکردنی ئێرانیەکان، بەڵام زۆری نەمابوو کرانەوەیەکی گەورە بێتە کایەوە، نەك سەبارەت بە بارمتەکان‌و تیرۆر، بەڵکو لەبارەی تەواوی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تاران. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گفتوگۆکان بەردەوام بوو، ئێران داوای موشەکی زەوی بەئاسمانی بۆ فڕۆکەی ئێف-١٤ دەکرد، نۆرس نەخشەی C.I.A خستە بەردەم ئێرانییەکان، کە یەکەکانی سوپای عێراق پیشان دەدا لە بەرەکانی جەنگ، نورس هەوڵیدا هەڕەشەی سۆڤیەت وەبیر ئێرانیەکان بێنێتەوە[٩٠].

لە ٢٧ی شوبات دووەمین باری(٥٠٠)موشکی تاو گەیشتە بەندەر عەباس [٩١]. لە ٢٧ی شوباتی ١٩٨٦دا، ئەمریکا (٥٠٠) موشەکی تاوی دژە تانکی ڕادەستی ئێران کرد [٩٢]. بە پێی بەڵگەنامەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٢٢ی ئایاری ١٩٨٦، نزیکەی (٥٠٨) موشەکی تاو لەگەڵ ژمارەیەك موشەکی هۆك لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە نێردران بۆ ئێران بەرامبەر (١٥)ملیۆن دۆلار [٩٣]. بەم جۆرە هۆکارێکی باش هەبوو کە باوەڕوابێت ئێران کۆنترا پێگەی ئێرانی بەهێزترکرد لە کاتێکدا ئێران بە شێوەیەکی تایبەت هەڕەشەبوو لەناوچەکەدا.[٩٤].

لە کۆتاییدا ئەمریکا ڕەزامەندبوو لەسەر دەستپێکردنی دانوستانی سیاسی‌و چاوپێکەوتن لەسەر ئاستی باڵا لە تاران. کۆشکی سپی چاوەڕوانی دەکرد لەو چاوپێکەوتنە ڕەفسەنجانی یان میر حسین موسەوی سەرۆك وەزیران یاخود عەلی خامنەئی سەرۆك وەزیران بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکەن[٩٥]. لیژنەیەکی هاوبەشی شەش کەسیی ئیسرائیل-ئەمریکیی، لە ٢٥ی ئایاری١٩٨٦ [٩٦]، فڕۆکەیەکی بێ ناونیشانی ئیسرائیلی بە فەرماندەیی C.I.A لە کاتژمێر (٨:٣٠) [٩٧] ی، یان(٩)ی سەر لەبەیانی ٢٦ی ئایار لە فڕۆکەخانەی میهراباد تاران، نیشتەوە [٩٨]، بێئەوەی هیچ بەرپرسێکی باڵا پێشوازییان لێبکات [٩٩]. لە ئوتێلی ئیستیقلال(پێشتر ناوی ئوتێلی هیڵتۆن) مانەوە [١٠٠]. شاندەکە لەگەڵ خۆیان کتێبێکی پیرۆزو کێکێکی شوکلاتەیان پێبوو کە بە شێوە کلیل دروستکرابوو، وەك ئاماژەیەك بۆ کرانەوەی پەیوەندی نێوان ئێران‌و ئەمریکا[١٠١].

---

٨٩ محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ، ص٩٤-٩٥.

90David Crist: Op.Cit, P.188.

**٩١** محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین، ص٩٦ ؛ نیفین عبد المنعم مسعد: صنع القرار في إيران والعلاقات العربية-الإيرانية، مركز دراسات الوحدة العربية، ط ٢، بيروت، ٢٠٠٢، ص٢٢٢.

92Steve A.Yetiv: The Absence of Grand Strategy, P.58.

93John M ,Poindexter( NSA): MAGG PIB, PROFS :31305B 89 ,to William J.Casey ,Hq .CIA, 22 May 1986, **From Book**: Rodney Stich: Op.Cit, P.223.

94Kenneth M. Pollack: The Persian Puzzle, P.219.

95Trita Parsi: Op.Cit, P.121.

96Trita Parsi: Op.Cit, P.121؛ David Crist: Op.Cit, P.190.

97David Crist: Op.Cit, P.190.

98Trita Parsi: Op.Cit, P.122.

**٩٩** محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین، ص٢١٣،١١٥.

**١٠٠** علی اکبر ولایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق بر جمهوری اسلامی ایران، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، چ٦، تهران،١٣٨٦، ص٢٠٨.

101Trita Parsi: Op.Cit, P.122.

تێکڕای شـاندەکە بە پاسـپۆرتی سـاختەوە هاتبوون[١٠٢]. ڕۆبێرت ماکفارلین کە سـەرۆکی شـاندەکە بوو[١٠٣]، بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرلەندی بەناوی شون دولین(Shean Devlin)هاتبوو[١٠٤]. ئەندامانی شاندەکە پێکهاتبوون لە ئۆلیڤەر نۆرس[١٠٥] بە پاسـپۆرتی سـاختەو بەناوی ئیدوارد فارلی(Edward Farley)و جۆرج کاڤ (George Cave) بەناوی خوازراوی سـامویل تیرانس ئونیل(Samuel Terrance Oneil)[١٠٦]، کە بەرپرسـی کاروباری C.I.Aبوو[١٠٧]، ئەندامێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییو ڕاوێژکاری ئاسـایشی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت[١٠٨]، بەناوی هوارد تیچەر(Howard Teicher)[١٠٩] و ئیسـرائیلیەك خۆی بە ئەمەریکی ناسـاندبوو بەناوی ئەمیرام نیر( Amiram Nir)[١١٠]، بە ناوی خوازراوی مایکل بیرچ(Michael Birch)[١١١] ، کە ڕاوێژکاری تایبەتیی شـیمۆن پێریزی سـەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بوو، بۆ بابەتەکانی تایبەت بە تێرۆرەوە، هەر بە نێوەندگیریی‌و پشتیوانیی تایبەتی پێریز خزێنرایە ناو ئەو شاندە هەستیارەی ئەمریکاوە[١١٢]. هەرچەند ماکفارلین هەوڵیدا ئیسرائیلییەکان لەم دانوستانانە دوور بخاتەوە، بۆ کەمکردنەوەی مەترسـی لەسـەر دانوسـتانەکان، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسـان نەبوو، بە فشـاری سـەرۆکی ئسـرائیل، ناچاربوو ئیسـرائیل هاوبەشـی پێبکات[١١٣]. دواتر ڕەفسـەنجانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی(BBC)دا ڕایگەیاند، ئەگەر دەیانزانیی، ئیسرائیلی لە ناو شاندەکەدایە، دەستگیریان دەکرد[١١٤]، لەگەڵ نێوەنگیرێکی پەیوەندی لە C.I.Aدا، بۆ دابینکردنی پەیوەندی پارێزراو بۆ شاندەکەی لەگەڵ پۆیندکستەر.[١١٥] ، جۆرج کاڤ، لە ڕێگەی تەلئەبیبەوە، گەیشتنە تاران[١١٦]، بۆ گفتوگۆکردنی ئامادەکاری بۆ ڕێکەوتنێکی گونجاو بەرپرسـێکی گەورەی ئێران پێشـوازی لە ماکفارلین‌و هاوڕێکانی نەکرد[١١٧]، وەك ئەوەی قوربانیفەڕو نۆرس بەڵێنیان بە ماکفارلین دابوو، بگرە لە سێیەم ڕۆژدا هادی نەجەف ئابادی، سـەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان، کە یەکێك بوو لە ڕاوێژکارانی هاشـمی ڕەفسـەنجانی سـەرۆکی پەرلەمان هاتە لای شـاندەکە،[١١٨] کە لەگەڵ فەرەیدون مەهدی نەژاد لە سـوپای پاسـداران، لە فڕۆکەخانە

[١٠٢] بۆ وێنەی پاسپۆرتە ساختەکانی شاندەکەی ئەمریکا بڕوانە: محسن هاشمی و حبيب ا...حميدى: مصدر پيشين ، ص٢١٣-٢١٧.

103Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Iran and The United States (An Insider's View On the Failed Past and The Road to Peace(, 1rst Published, Bloomsbury Academic Publishing Inc., New York,2014, P.93.

[١٠٤] محسن هاشمى و حبيب ا...حميدى: مصدر پيشين ، ص١١٥.

105David Crist: Op.Cit, P.191.

[١٠٦] محسن هاشمى و حبيب ا...حميدى: مصدر پيشين ، ص٢١٣-٢١٤.

107Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Op.Cit, P.93 ؛ ارى بن مناشه: پول وخون، ترجمه: د.مسعودانصارى، چ ١، واشنگتن دی.سی، ١٩٩٣، ص١٩٦.

108James A. Bill: The Eagle and Lion, P.308.

109David Crist: Op.Cit, P.191.

110James A. Bill: The Eagle and Lion, P.312.

[١١١] محسن هاشمى و حبيب ا...حميدى: مصدر پيشين ، ص٢١٤.

112James A. Bill: The Eagle and Lion, P.312.

113Trita Parsi: Op.Cit, P.121.

[١١٤] بدون مؤلف: مصدر پيشين، ص٩.

115David Crist: Op.Cit, P.191.

١١٦ ارى بن مناشه: مصدر پيشين ، ص١٩٦.

117Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Op.Cit, P.93.

118Trita Parsi: Op.Cit, P.122.

پێشـــوازییان لە شـــاندەکە کردبوو [١١٩]. ســـوپای پاســـداران دوای زانینی هاتنی شـــاندەکە ڕەزامەندیان دەربڕی بۆ کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەمریکییەکان [١٢٠].

ئێرانییەکـان درکیـان بەوە کردبوو کە مـاکفـارلین هەوڵ ئەدات بۆ گفتوگۆکردنی پەیوەنـدی ئێرانو ئەمریکـاو دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ باشـکردنی ئەو پەیوەندییە خراپەی لە نێوان تارانو واشـنگتۆندا هەیە[١٢١]. کۆبوونەوە لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەکە دەستیپێکرد[١٢٢]، ماکفارلین بەئێرانیەکانی ڕاگەیاند، ڕێگن فەرمانیکردووە بە دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ هاریکاری لەگەڵ تارانو دڵنیایی دابوو، واشنگتۆن نیازی کودەتای نییە بەسەر شـۆڕشـی ئێرانو ئامادەیی کارکردنن لەگەڵ حکومەتی ئێران[١٢٣]. لە تێڕوانینی ئێرانییەکانەوە، ئەمریکا سـیاسـەتێکی دوژمنـانەو دژە شـۆڕشـی خۆی بەرامبەر ئێران درێژە پێـدەدا[١٢٤]، بەڵام مـاکفـارلین دڵنیـایی دایە ئێرانییەکـان، لەوبارەیەوە[١٢٥].

هەر لە سەرەتادا، هاشمی ڕەفسەنجانی، خومەینی ئاگادار کردبووەوە لەسەر ئاڵوگۆڕی نامە لەگەڵ ڕێگن، پێش ئەم سەردانەی ماکفارلین، بەڵام ئێران دژی گفتوگۆبوو لەگەڵ ئەمریکا[١٢٦]. وا پێدەچێت خومەینی ڕاستەخۆ دژی دانوستان بووبێت لەگەڵ ئەمریکا بە ڕاسـتەوخۆیی لەبەر لە دەسـتدانی باوەڕی ئێرانییەکانو بێباوەڕی خومەینیو پشـتیوانی ئەمریکا لە عێراقو سزای ئابووریو ڕێگری لە فرۆشتنی چەك بە ئێران...هتد ڕۆڵیان هەبوو لەوەی ماکفارلین لەم خاڵەدا سەرکەوتوو نەبێتو هیچ بەرپرسێکی ئێرانی بێ پرسی خومەینی، تەنانەت زاتی سەردانی ئەم شاندەی نەبوو. ئاسایی بوو ئێرانییەکان تەنها وەك فرۆشـیارێکی چەك لە ئەمریکییەکان بڕوانن، نەك هاوبەشو وڵاتێك پەیوەندی لەگەڵدا ببەستن، دواتر ڕاستی ئەم تێڕوانینە ڕونتر دەرکەوت.

یەکێك لە کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان، بابەتی بارمتەکان بوو[١٢٧]، ئەمریکییەکان پێیان وابوو دەبێت بارمتەکانی بەخێرایی ئازاد بکرێن پێش گەیشتنی موشەکی زیاتر، بەڵام ئێرانییەکان دەیانویست موشەكو چەكو یەدەگی زیاتریان بۆ بنێرێتو بارمتەکانی دواتر ئازاد بکرێن، دەرکەوت قوربانیفەر بەڵێنی زۆری بە ئێرانیەکان دابوو[١٢٨]، لە ژێرەوە ئەم قوربانیفەرە سـەرچاوەی ئیسـرائیل بوو لە ناو ڕژێمی ئێران[١٢٩]، واتە دووسـەرە کاریدەکرد، بەڵام کەس پێی نەزانیبو، هەندێك کات بۆ خومەینیو بڕێك جاریش یارمەتی دوژمنەکانی دەدا، بگرە تاوانبارکرا بە پێدانی چەك بە ئێران بۆ چنینی پیلانگێڕییەك بۆ کوشـتنی خومەینیو بەمە خیانەتی لە ئێرانییەکان کردو هەروەك دواتر لەلایەن ئێرانەوە لە سێدارە درا[١٣٠]. ئاسان نییە لەو بارەیەوە بە ئاسانی بەڵگەی یەکلاکەرەوە دەستبخرێت، بەتایبەت لە ئێستادا، بەڵام بە

119Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Op.Cit, P.93.
120David Crist: Op.Cit, P.191.
121Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Op.Cit, P.94.
**١٢٢** بۆ زانیری ورد لەبارەی کۆبوونەوەکان کە پێنج دانیشتن بوو بڕوانە: محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ،ص١١٦-١٤١.
123David Crist: Op.Cit, P.192.
124James A. Bill: The Eagle and Lion, P.307.
125Trita Parsi: Op.Cit, P.122.
126Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Op.Cit, P.94.
127Trita Parsi: Op.Cit, P.123.
128David Crist: Op.Cit, P.192.
129Ibid, P.178.
130Barry Rubin: CAULDRON OF TURMOIL; America in the Middle East, 1st edition, Harcourt publisher, U.S.A, 1992, P.81.

تێبینیی كردنی سـیخوڕیی دووسـەرە بۆ هەردولاو ئەوەی پێشـتر سـەربە دەزگای سـاواك بووە، ئاسـاییە لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە ئەو هەوڵە درابێت.

پاش كەمێك، ڕاوێژكاری سیاسی باڵای ڕەفسنجانی سەرۆكی پەرلەمان، هادی نەجەف ئابادی گەیشتە كۆبوونەوەكە. بۆ دڵنیاییدان بە ئێرانییەكان، ماكفارلین بە ئێرانیەكانی ڕاگەیاند، ئەمەریكا ئاگادارەو دڵنیابۆتەوە لە پلانی سـۆڤیەت بۆ داگیركردنی ئێران. بەڵگەنامەیەكی لەبارەی كۆكردنەوەی سـوپای سـۆڤیەت لە سـەر سـنوور خسـتە بەردەم نەجەف ئابادیو ماكفارلین ئەوەی خسـتەڕوو، مۆسـكۆ بەڵێنی بە عێراق داوە هەموو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی عێراق شـكسـت نەهێنێت[131]. نەجەف ئابادی دانی نا بە مەترسـییەكانی پەیوەسـت بە سـۆڤیێتەوە، بەڵام تاران ترسـی هەبوو لە نزیكبوونەوە لە ئەمریكاو هێشتا بە زووی دەزانی [132].

لە ٢٧و ٢٨ دوای زنجیرەیەك دانیشـتن ماكفارلین، ووتی:" ئەگەر هەموو بارمەتەكان ئازاد بكرێن"[133]، ئەوە موشـەكە (هۆك)ەكـانی تر دەنێرن بۆ ئێران، ئەگەر ئەوە جێبەجێنەبێـت، لایەنی ئەمریكی گفتوگۆكـان ئەوەسـتێنێـتو تـاران جێدەهێڵێت [134]. نەجەف ئابادیو یاوەرانی پێشـنیاری ئازادكردنی دوو بارمەتەیان كرد، نەك چوار بارمتە [135] لەگەڵ گەیشتنی زیاتری موشەكو یەدەگی موشەك. دوای پەیوەندیكردن بەپۆیندكستەرەوە، لە كاتژمێر (١:٣٠) شەو، ماكفارین تا كاتژمێر (٤)ی سـەر لەبەیانی مۆڵەتی دا بە ئێرانیەكان بۆ ئازادكردنی سـەرجەم بارمتەكان، لەبەرامبەردا بارێكی ئەنجامنەدرێ، شـاندی ئەمریكی دەكشـێنەوە، ئێرانیەكان داوای كاتی زیاتریان كردو ماكفارین تا سـەعات (٦:٣٠) سـەر لەبەیانی مۆڵەتەكەی درێژكردەوە[136]. لە بەیانی ڕۆژی دواتر ئێرانییەكان شـكسـتیان هێنا لە ئازادكردنی بارمتەكانو نێردەكە ئێرانی جێهێشت. بەمجۆرە هەردولا شـكسـتیان هێنا لە گەیشـتن بە چارەسـەرێكی مامناوەند [137]. قوربانیفەر شكستی ئەم دانوستانەی دایە پاڵ ئەمریكییەكان، چونكە پێشتر پێشنیاری كردبوو سەرەتا خۆیو نۆرس بچنە تارانو ئامادەكاری بۆ شـاندەكە بكەن، بەڵام نورس بە قوربانیفەری ڕاگەیاندبوو، پۆیندكسـتەر ئەوەی ڕەتكردۆتەوە[138]. لە ڕاستیدا شاندی ئەمریكی ترسیان لە بە بارمەتەگرتنیان هەبوو، بە تایبەت لەلایەن ئەو گروپانەی پاسەوانی شۆڕش كە دژی گفتوگۆ بوون، هەڕەشـەی ڕاسـتەقینە كاتێك دەسـتیپێكرد، هەواڵی گەیشـتنی ماكفارینو شـاندەكەی بڵاوبۆوە، مەهدی هاشـمی كۆمەڵێك چەكداری برد بۆ دەسـتگیركردنی ئەمەریكیەكان لە كاتژمێر(٨)ی بەیانی بەرەو ئوتێلەكە ڕۆیشتن، بەڵام كانگارلو هاتو بە ئەمریكییەكانی ڕاگەیاند، دەبێت بە زوویی‌و خێرایی لە ئێران بچنەدەرەوەو لە (٨:٥٥) دەقیقەی سـەر لەبەیانی ٢٨ی ئایار، شـاندەكە بە دەسـت بەتاڵی گەڕانەوە، ئەمە ڕێگنی توشـی بێهیوایی كرد[139]. لەگەڵ ئەوەشـداجۆرج كاڤ ڕێكەوت لەگەڵ ئەندامێكی شـاندی ئێران، سـەبارەت بە پێویسـتی هێشـتنەوەی ئەو كەناڵەی پەیوەندی لەگەڵ قوربانیفەر، بەڵام ئێرانییەكان سوربوون لەسەر ئەوەی كەناڵی دووەمی پەیوەندیی پێویستە خاڵیی بێت لە بوونی كاریگەریی ئیسرائیلیەكان[140].

131David Crist: Op.Cit, P.192.
132Trita Parsi: Op.Cit, P.122-123.
133David Crist: Op.Cit, P.193.
134Bryan Gibson: COVERT RELATIONSHIP, P.137.
135David Crist: Op.Cit, P.193 ؛ Trita Parsi: Op.Cit, P.122.
136David Crist: Op.Cit, P.193.
137Bryan Gibson: COVERT RELATIONSHIP, P.137.

١٣٨ محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ، ص١٠١-١٠٢.

139David Crist: Op.Cit, P.194.
140Trita Parsi: Op.Cit, P.123.

ئەمریکا هەرچی چەکو زانیاریی هەواڵگریی دابوویە ئێران، بەڵام لە بەرامبەردا شتێکی وای دەست نەکەوت، هەروەك قوربانیفەر لە نامەیەکیدا بۆ کنگرلو گلەیی ئەوەدەکات، ئەمریکا زۆر نیەتی باشیان نیشاندا، بەڵام ئێران بچوکترین ئاماژەو هەنگاوی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەردولا نەناوە، هەتا بەشێوەی نهێنییش[١٤١].

حیز بوڵلا لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٨٦، قەشە لورانس جینکۆی ئازاد کرد[١٤٢] وەك هەنگاوێکی کرداریی بۆ خزمەتکردنی نزیك بوونەوەکانی تاران‌و واشنگتۆن.

جۆن پۆیندکستەر پێیوابوو ئەمەریکا پێویستە بە دوای کەناڵێکی نوێدا بگەڕێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران، دوای کۆبوونەوەی مانگی ئایار داوا لە نورس کرا بۆ ئەم کارە، دواتر خوشکەزای هاشمی ڕەفسەنجانی بەناوی عەلی هاشمی بەهرەمانی، کە ئەفسەرێکی باڵای سوپای پاسداران بوو[١٤٣].

لە ڕاستیدا لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٨٦دا، کەناڵی دووەم بە کرداریی یەکەمین چاوپێکەوتنی لێکەوتەوە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە نێوان سیکۆردو ئەو بەرپرسەی ئێران کە کاڤ لەگەڵی ڕێکەوتبوو. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول نوێنەری ئێران لە کەناڵی دووەم کە بەهرەمانی بوو بە نهێنی سەردانی واشنگتۆنی کرد بە ئامانجی باشکردنی پەیوەندییەکانی ئێران‌و ئەمریکا بە پلە بەپلە. لەو سەردانەدا بەهرەمانی ئەمریکییەکانی ئاگادارکردەوە، کوڕەکەی خومەینی بە وردی تەواوی گفتوگۆکانی بە خومەینی ڕاگەیاندووەو ئێرانییەکان دەیانەوێت گفتوگۆ لەگەڵ واشنگتۆن بکەن. یەکێك لە پێشنیارەکانی ئێران پێکهێنانی لیژنەیەك بوو بە نهێنی کۆببێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی چۆنێتی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردو وڵات‌و نوێنەری تەواوی باڵە جیاوازەکانی ئێرانی تێدابوو، وەك ئێرانییەکان بە کاڤ یان ڕاگەیاندبوو:" ئەوە دەریدەخات کۆدەنگییەکی فراوان هەیە لە ئێران لە سەر باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکادا"[١٤٤].

لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٨٦ بەهرەمانی‌و دوو ئەفسەری پاسەوانی شۆڕش، یەکێکیان بە ناوی فەرەیدوون مەهدی نەژاد بوو گەیشتنە واشنگتۆن‌و چاویان بە بەرپرسانی ئەمریکا کەوت، ئەم پەیوەندیە بە ئاگاداری خومەینیی ڕەهبەری باڵای ئێران بوو، کە خۆی ڕەزامەند بوو لەسەر گەشتی بەهرەمانی. دوای دوو ڕۆژ لەگفتوگۆ هەردولا گەیشتنە زەمینەیەکی هاوبەشی لەسەر ژمارەیەك بابەت، بەهرەمانی مەترسیەکانی ئەمریکای سەبارەت بە نیازی یەکێتی سۆڤییێت بەهەند وەرگرت‌و تانکێکی (٧٢) سۆڤیێتی دایە ئەمریکییەکان بۆ لێکۆڵینەوە، پاشان بەهرەمانی جەختیکردەوە حکومەتی ئێران دەیەوێت هاریکاری ستراتیجی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت‌و پێشنیاری کرد لیژنەیەکی هاوبەش درووستبکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، کاری لەپێشینەی ڕێککەوتنی بازرگانی دەبێت. پاش شەش مانگ پەیوەندی دیپلۆماسی دەست پێبکەنەوە، بەهرەمانی پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی ئێران‌و ئەمریکا یارمەتی موجاهیدانی ئەفغانی بدەن. لە کۆتایی دا هەردوو ڕێکەوتن لەسەر ئازادکردنی بارمتەکان بەرامبەر بە چەك. لەو کۆبوونەوەیدا نۆرس نەخشەیەکی C.I.A، کە پەراوێزی لەسەر نوسرابوو سەبارەت بە پێگەکانی سوپای عێراق‌و هێزەکانی پشت هێڵی پێشەوەی جەنگی پێشکەشی کرد بە ئێرانییەکان، لەگەڵ زانیاری زیاتر سەبارەت بەمەترسی سۆڤییێت[١٤٥].

---

١٤١ بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ، ص١٠٢-١١١.

142David Crist: Op.Cit, P.194.
143Ibid, P.195.
144Trita Parsi: Op.Cit, P.124.

١٤٥ بۆ زانیاری وردتر بڕوانە: David Crist: Op.Cit, P.195-196.

لە ٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٦ فڕۆكەیەكی ئەمریكی لە نیكاراگوا كەوتە خوارەوە، شوێنكەوتوانی ساندینیستەكان، تاكە ڕزگاربوی فڕۆكەكەیان دەستگیر كرد، دواتر دەركەوت كارمەندی C.I.A بووە. هەواڵەكە وەك بروسكە بڵاو بوویەوەو كۆنگرێس فەرمانی كرد بە لێكۆڵینەوەی خێرا لە ڕوداوەكە بۆ ئاشكراكردنی پێشێل كردنی یاساكانی كۆنگرێس [١٤٦].

ئەم دانوستانانەی كەناڵی بەهرەمانیو ئەمریكییەكان، تا تشرینی یەكەمی ١٩٨٦ بەردەوام بوو، گفتوگۆكرا لەبارەی ناردنی(٥٠٠) موشەكی تاو بەرامبەر یەك بارمەتەو پاشان ئەمریكا نێوەندگیری بكات لای كوەیتییەكان بۆ ئازادكردنی (١٧) كەس، كە ئێران پشتیوانی كردبوون دوای ئەنجامدانی تەقینەوەكانی ١٩٨٣ دەستگیركرابوون، دواتر ئەمریكا (٥٠٠) موشەكی تری تاو بۆ ئێران بنێرێتو بارمتەیەكی دیكە ئازاد بكرێت، هەروەها دواتر ئەمریكا گوللە تۆپ و مەدفەعو زانیاریی هەواڵگری زیاتر دەربارەی عێراق بۆ ئێران دەنێرێت. بەرامبەر بەڵێندانی ئێران بۆ:"ئەوپەڕی هەوڵدانی بۆ ئازادكردنی بارمتەكانی دیكە". لەم ڕووەوە لە ٢٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٦ یەكەم قۆناغی (٥٠٠) موشەكی تاو بۆ ئێران نێردرا، دوای پێنج ڕۆژ گروپە جیهادییەكان (دیڤید جاكوبسن) یان ئازاد كرد[١٤٧]، بەڵام ئەنجامەكان جیاوازبوو لەوەی پێشبینیی دەكرا، لە جیاتی ئازادكردنی بارمتەكان گروپە توندڕەوەكانی لوبنان، بارمتەی دیكەیان گرت [١٤٨]. بە نموونە، لە ٩ی ئەیلول فرانك ڕید، لە ١٢ی ئەیلول (جوزیف سیسیپیۆ)و دواتر لە ٢١ی تشرینی یەكەمدا (ئیدوارد تریسی) لە شەقامەكانی بەیروتدا ڕفێندران، بەمەش بەرهەمی مامەڵەكردن لەگەڵ ڕفێنەران، بێبەرهەم بوو[١٤٩]. ئەمە نیشانیدا ئێرانو ئەو گروپانەی لەژێر چەتری ئەودا چالاكییان ئەنجامدەدا، وایان نیازبوو ڕەهەندی نابەرابەری مامەڵەی ئازادكردنی بارمتەكان جار بەجار بارمتەكان لە بەرامبەر ناردنی سیستماتیكی چەكو زانیاری هەواڵگریی، بۆ ماوەیەكی درێژتر بپارێزن[١٥٠]. لەبەرامبەر ئەم ڕەوشە بووە هۆی ئەوەی ئەمریكا قوربانیفەڕ ئاگادار بكاتەوە، ئەو بارەی چەك، كە سەرقاڵی ئامادەكردنی بوو بۆ ئێرانی ببات، بیوەستێنێت [١٥١].

### تەوەرەی سێیەم: ئاشكرابوونی سكانداڵی ئێران-كۆنتراولێكەوتەكانی:

لە ٣ی تشرینی دوەمی ١٩٨٦ ، گۆڤاری لوبنانی( الشراع)، كە پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ شۆڕشی ئێراندا هەبوو[١٥٢]، مامەڵەی پشت پەردەی فرۆشتنی چەكیی ئەمریكی بە ئێران، ئاشكراكردو[١٥٣] ڕایگەیاند، لە ماوەی پێشوودا ڕۆبێرت ماكفارلین لە تاران بووە[١٥٤]. ڕاستییەكەی دركاندنیی ئەم دۆسیە، جیاڕایی تێدایە، ڕێگن لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی لە

---

١٤٦ فرانك دانينو:المصدر سابق ، ص٢٢٦.

147David Crist: Op.Cit, P.197.

148Scott Armstrong and Others: Op.Cit, P.337.

149David Crist: Op.Cit, P.197-198 ؛ محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ، ص١١٢.

150Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.214.

١٥١ محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: مصدر پیشین ، ص١١٢.

152Robert D. Schulzinger: U.S. Diplomacy since 1900, 5th Edition, Oxford University Press, New York, 2002, P.345.

١٥٣ حسن صبرا: بين منطق الدولة ومنطق الثورة..هذا ما جرى في طهران، مجلة الشراع اللبنانية، العدد ٢٤٢، ٣/ ١١/ ١٩٨٦،ص٢٦ ؛ فرانك دانينو:المصدر سابق، ص٢٢٦ T. G. Fraser and Donette Murray: America and the World Since 1945, Palgrave Macmillan, 1st published, New York, 2002, P.231 ؛ Richard S. Conley: Historical Dictionary of the Reagan–Bush Era, 2nd Edition, Published by Rowman & Littlefield, Maryland, 2017, P.21 ؛ Robert D. Schulzinger: Op.Cit, P.345 ؛ Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.214.

154T. G. Fraser and Donette Murray: Op.Cit, P.231 ؛ حسن صبرا: المصدر السابق، ،ص٢٦.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١٩ی تشــرینی دووەم، ئاشــکراکردنی دۆســیەکەی دایەپاڵ یەکێ لە ئێرانییەکان کە دژی ئەو گروپە بوون کە ئەمریکا لەگەڵیـان کۆبووبوویەوە، بەبێ ئەوەی نـاو بهێنێت[١٥٥]. جورج کاڤ پێیوابوو قوربـانیفەر هەواڵەکەی دزەپێکردووە[١٥٦]، بەڵام ڕاســتییەکەی ســەرچاوەی ئەم هەواڵە نوســینگەی ئاغای ئایەتوڵڵا مونتەزیری، جێگرەوەی خومەینی بوو[١٥٧]، لە تشرینی یەکەمدا، دەسـەڵاتدارانی ئێران (مەهدی هاشـمی)یان دەسـتگیر کرد، کە لایەنگرانی مەهدی هاشـمیی هەواڵی مامەڵەی نهێنی ئەمریکاو ئێرانیان بڵاوکردەوە[١٥٨]. بە هیوای ئەوەی ئابڕووی هاشـمی ڕەفسـەنجانی لەکەداربکەن، بەڵام هەڵە بوون، لەبەرئەوەی خومەینیی پشــتیوانی لێدەکرد[١٥٩]، لایەنگرانی مەهدی هاشــمی بەوکارە دەیانویســت، هەم تۆڵەی گرتنی مەهـدی هەشــمی بکەنەوەو هەم خومەینیش ئیحراج بکەن[١٦٠]، بەڵام وەڵامی هەریەک لە خومەینی و ڕەفسـەنجانی توندو یەکلاکەرەوەبوو دژی مەهدی هاشمیو لایەنگرانی، دوای دوو مانگ دەست بەسـەرکردنی مەهدی هاشـمی، لەژێر ئەشـکەنجەدا دانی بەوەدانا، لە ڕێگەی پێشـەوا لایداوەو تاوانبارە بە تاوانی دژایەتی شـۆڕشو خراپ کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانی مونتەزیری، ئەم دانپیادانانەی هاشمی لە تەلەفزیۆن پەخشکرا[١٦١].

ئۆلیڤەر نۆرس لە مەلەفی ئێران-کۆنترا، ئەوە درکانـد، ولیەم کەیســی پلانی ئـاشــکراکردنی ئەم پرۆســەیەی دانابوو[١٦٢]، سـوکایەتییەکی گەورە بوو بۆ ئیدارەی ڕێگن[١٦٣] و بووە ئابڕووبەرییەکی گەورە بۆ ئیدارەکەی[١٦٤]، ئەمە بوو بە هۆی ڕەخنەی توند لە ناوخۆی ئەمریکا[١٦٥]، لەبەرئەوەی گەلی ئەمریکای توشــی شــۆك کرد، ڕێگن وەها کارێك لەگەڵ ئێران بکات[١٦٦]، لێرە بە دواوە سیاسـەتی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بەرامبەر بە ئێران گۆڕانکاریی ڕیشـەیی بەسـەردا هات[١٦٧] و زیاتر توند بوونەوەو هەتا گەیشـتە ئاسـتی پێکدادانو بەرپابوونی جەنگێکی دەریایی لە کەنداوی فارس.

ســەرەتا ئیدارەی ڕێگن، هەواڵەکەی ڕەتکردەوە، لە وەڵامی پەیامنێرێك پرســیاری لە ڕێگن کرد لەوبارەیەوە، بەڵام ڕێگن وەڵامی:"کۆمێنتم نییە"ی دایەوە[١٦٨]. لە ڕۆژی ٤ی تشــرینی یەکەم ١٩٨٦، بە بۆنەی یـادی گرتنی بـاڵیۆزخـانەی ئەمەریکا لە وتەیەکدا دانی نا بەچوونی شــاندی ئەمەریکا بۆ ئێران[١٦٩]. ئیدی بواری خۆ لادانو شــاردنەوەی مامەڵەی چەك لەگەڵ ئێران، میدیاکانی جیهانی تەنیی.دواجار ئەمریکا قســەکانی ڕەفســەنجانی پشــتڕاســت کردەوە. بە

---

١٥٥ تمام البرازيي: المصدر السابق، ص١٧٧-١٧٨.

156David Crist: Op.Cit, P.198.

١٥٧ محمد درودیان: جنگ ایران وعراق موضوعات ومسائل، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانی دانشگاه (سمت)-مركز تحقیق و توسعه علوم انسانی، چ ١، تهران، ١٣٩١،ص٢٠٦ Trita Parsi: Op.Cit, P.125.

158David Crist: Op.Cit, P.198.

159Ulrich Von Schwerin: THE DISSIDENT MULLAH; Ayatollah Montazeri and the Struggle for Reform in Revolutionary Iran, I.B.Tauris press, New York, 2015, P.101-102.

160David Crist: Op.Cit, P.198.

161Ulrich Von Schwerin: Op.Cit, P.102.

162Robert D. Schulzinger: Op.Cit, P.348.

163Penelope Kinch: The US–Iran Relationship; the Impact of Political Identity on Foreign Policy, I.B.Tauris & Co. Ltd, New York, 2016, P.107.

164Trita Parsi: Op.Cit, P.125.

165Robert D. Schulzinger: Op.Cit, P.345.

166Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.208.

167Penelope Kinch: Op.Cit, P.107.

168David Crist: Op.Cit, P.198.

169David Crist: Op.Cit, P.198.؛ علی اکبر ولایتی: مصدر پیشین، ص٢٠٧-٢٠٨.

ئاشکرابوونی ئێران-کۆنترا، ڕۆژنامەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر ڕێگن و واشنگتۆن پۆست ڕێگنی وەك گەوەترین دوڕوو لە ناونیشانی ڕۆژنامەکە بڵاوکردبووەوە[١٧٠]، جگە لەوەی ئاستی جەماوەری ڕێگن پاشەکشەی کرد بە ڕێژەی(١٥٪)، بە پێی ڕاپرسییەکانی پەیمانگای گالۆپ بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەوەش گەورەترین ئاستی دابەزین بوو[١٧١].

بە ئاشکرابوونی دۆسیەی فرۆشتنی چەك بە ئێران، واشنگتۆن لەو ماوەیەدا ژمارەیەك تێڕوانین و هەنگاوی کرداریی خستەکار، بۆ چارەسەرکردنی کاریگەریی پەراوێزخستنی نێودەوڵەتی ئێران[١٧٢]، چونکە کۆشکی سپی کە ڕووبەڕوویی ئیحراجی بووبۆوە[١٧٣]، بۆ کەمکردنەوەی ئەو نیگەرانییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەی ڕووبەڕووی ئەمریکا بووەوە، واشنگتۆن هەنگاوی کرداریی نا، قۆناغی یەکەم، هەوڵیدا هەڵوێستی بگۆڕێت و دواتر مامەڵەیەکی توندتر لەگەڵ ئێراندا بکات[١٧٤]، بۆنمونە دەستیکردەوە بە چالاککردنەوەی پرۆسەی ستانچ و بگرە پشتگیری ئەنجومەنی ئاسایشی جوڵاند بۆ ئابلۆقەدانی ئێران و ڕەنگە بە شێوەیەکی گرنگتریش بێت، کە ئیدارەی ڕێگن پەیوەندی هەوالگری لەگەڵ عێراق لە جاران زیاتر پەرەپێدا[١٧٥]، وەك قەرەبوو کردنەوەیەك بۆ فرۆشتنی چەك بە دوژمنەکەی سەدام و چەند بەرامبەر کردنی هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی متمانەی جارانی[١٧٦]. وەك هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی باوەڕو جدییەتی ئەمریکا لای وڵاتانی هاوپەیمانی.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ڕێگن لەگەڵ بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوە کۆبووەوە بۆ ئەوەی چۆن وەڵامی خەڵکی ئەمریکا بدەنەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا شۆڵتز ڕەخنەی لە مامەڵەکە گرت و بێ ئاگایی خۆی لەو کارە پیشانداو ئەو کارەی بەوە دایەقەڵەم، کە هەموو کەسێکی ئەمریکیی خراوەتە بەرمەترسی ڕفاندنییەوە، ڕێگن جەختی کردەوە مامەڵەیان لەگەڵ دوژمن نەکردەوە لەبەر بارمتەکان، بەڵکو بیری لە دوای مردنی خومەینی کردۆتەوە[١٧٧]، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی میانڕەوەکان و بەهێزکردنیان.

ڕێگن لە ١٧ی تشرینی دووەم ڕایگەیاند، هیچ چەکێکی تر نانێرن بۆ ئێران و پرۆسەی ستانچ چالاك کراوەتەوە [١٧٨]، دوو ڕۆژ دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، بەرپرسیارێتیی تەواوی بڕیاری ناردنی چەکی بۆ ئێران گرتە ئەستۆی خۆی و بەرگریکرد لەوەی بە چوار ئامانج ئەو هەنگاوەی ناوە، کۆتایی هێنان بە جەنگی عێراق-ئێران بە شێوەیەکی شەرەفمەندانەو لە ڕێگەی گفتوگۆوە، کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم و ئازادکردنی بارمتەکان و پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکانی کەنداوی فارس و ڕێگرتن لە هەژموون سۆڤییەت لە ئێران بە شوێنگرتنەوەی پەیوەندییەکی تەواو دوژمنانە بە پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئێران[١٧٩]. لە بەرامبەردا عەلی خامنەئی سەرۆك کۆماری ئێران،

---

١٧٠ محمد علي صداع حرج المحمدي: المصدر السابق، ص١١٣.

171Eugene R. Wittkopf and Others: American Foreign Policy Pattern And Process, Thomson Wadsworth , 7th Edition, U.S.A , 2008, P.264.

172Penelope Kinch: Op.Cit, P.59.

١٧٣ فرانك دانينو:المصدر السابق، ص٢٢٦ ؛ راي تقية: ايران الخفية، ت:أيهم الصباغ، مكتبة العبيكان للنشر،ط ١ ،الرياض، ٢٠١٠، ص١١١.

١٧٤ محمد علي صداع حرج المحمدي: المصدر السابق، ص١١٤.

175Joost R. Hiltermann: Op.Cit, P.78.

176Penelope Kinch: Op.Cit, P.107.

177David Crist: Op.Cit, P.198-199.

١٧٨ على اكبر ولايتى: مصدر پيشين، ص٢١٢.

**١٧٩** همان مصدر، ص٢٠٨-٢٠٩.

ئاشکرایکرد:"ئێمە بەدوای ئامانجی خۆمانەوەبووین، سەبارەت بە دابینکردنیی چەکی پێویستو بەرامبەر بە چەکەکان، دوو یا سێ بەرامبەر بەهاکەی پارەمان داوە، نەك شتێکی تر"[١٨٠].

لەبەر زۆر هۆکار ئەمریکا شـکسـتی خوارد لە نزیکبوونەوە لە ئێران، گرنگترینییان، ئەمریکا بۆ نزیکبونەوە لە ئێران سـودی لە هاوپەیمانی نەگونجاوی وەك ئیسـرائیل وەرگرت، لە کاتێکدا تاران شـوێنێکی باش نەبوو بۆ کۆبوونەوە، هێرشـی هێزە ڕادیکاڵەکان بۆ سـەر ئوتێلی ئیسـتیقلال، پیشـانیدا ئاسـایشـی پێویسـت بۆ شـاندی دانوسـتانکار نەبوو. لەلایەکیترەوە کـاتێکی نەگونجـاو هەڵبژێردرابوو بۆ گفتوگۆ، ئەویش مـانگی ڕەمەزان بوو، جیـا لەوە هەڵو مەرجی ناوچەییو هەوڵوێسـتی ئەمریکا لەگەڵ عێراق. خاڵێکی دیکە، هەردوو شـاندەکە بێ بەرنامەی داڕێژراوی سـیاسـیی بوون، ئێرانییەکان ئیرادەی جێبەجێکردنیی ئەو مەرجانەیان نەبوو کە لە بیریی ماکفارلین بوو، لەبەرئەوەی گومانو ناکارایی‌و باوەڕنەبوون بە یەکتریی، وایکرد ئاڕاسـتەی گفتوگۆکان لە ڕێگەی خۆی لابدات، لەمەشـدا نائارامی و بێ حەوسەڵەیی شاندی ئەمریکا ڕۆڵی خۆی بینی. جگە لەوەی لە ئیدارەی ئەمریکادا پنتاگۆنو وەزارەتی دەرەوە دژی ئەم مامەڵەیەبوون. بە کورتی سـیاسـەتمەدارانی ئیدارەکەی ڕێگن، شـارەزایی‌و ئەزمونیان نەبوو بۆ ئاگاداریی دەرچەی پەیوەندییەکـانیـان بە ئێرانەوە. تێبینی دەکرێـت بە هۆی ئەوەی ئەم مـامەڵەیە زۆر نهێنیی بوو، ئێرانییەکـان توانـای تەواویـان نەبوو بۆ ئـازادکردنی بـارمتەکـان، دوای کۆتـایی کـارەکە هیچ کەس ئـامـادە نەبوو بەرپرسـیـارێتی بەڵێنو هەنگاوەکانی لە ئەسـتۆ بگرێت نە ئێرانو نە ئەمریکا،بە ئاشـکرابوونی دانوسـتانە نهێنییەکان، ڕێگن بە خێرایی شکستەکەی بە:"ئێرانیانی دڕندە، شایانی بڕواپێکردن نین" بەستەوە. مەترسیدارترین زیان، بەستنەوەی ئازادی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان، بە مامەڵەی چەکو دروسـتکردنەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە. نزیکبوونەوەکانی، لە قۆناغی ململانێوە بردە قۆناغی پێکدادانی ڕاستەقینەوە[١٨١] و هەڵەیەکی ستراتیجیی بوو، کە شکستی بە ئامانجە سەرەکییەکە هێنا، ئەویش نزیکبوونەوەبوو لە تاران.

ئاشـکراکردنی فرۆشـتنی چەك بە ئێران بە توندی زیانی بە ڕاسـتگۆیی ئەمریکا گەیاند لە جیهانداو [١٨٢] ئاماژەی شـکسـتی سـیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەگەڵ ئاشـکرابوونی فرۆشـتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران دەرکەوت[١٨٣]، ئەگەرچی ئەم یارمەتییانە نەیتوانی سـەرکەوتنی یەکجاری بە ئێران ببەخشـێت، بووە هۆی بەردەوامی خۆڕاگرتنی‌و ڕزگارکردنی لە شکستو لە ئەگەری بەردەوامی زیاتری یارمەتی‌و مامەڵەی فرۆشتنی چەك بە ئێران، دور نەبوو سـەرکەوتنی یەکجاری بەدەسـت بهێنێت، بەهۆی یارمەتییەکانی ئەمریکاوە،[١٨٤] وەك نزار خەزرەجی ئاماژەی

---

[١٨٠] هەمان مصدر، ص٢١٠.

181James A. Bill: The U.S Overture to Iran (1985-1986); An Analysis, **From Book**: Nikki R.Keddie and Mark J. Gasiorowski (Edited): Neither East Nor West; Iran, the Soviet Union and the United States, Yale University Press, New York, 1990, P.176-178 ؛James A. Bill: The Eagle and Lion, P.313.

182James M.McCormick: Op.Cit, P.141؛ Penelope Kinch: Op.Cit, P.107.

183Rosemary Hollis: The U.S. Role: Helpful or Harmful?, **from book**: Lawrence G. Potter and Garry G. Sick: Iran, Iraq and legacies of war ,Palgrave Macmillan, 1st published, New York, 2004, P.198 ؛ Craig R. Allen: The Persian Gulf Balance Of Power United States Foreign Policy And Response, Submitted To The Faculty In Partial Fulfillment Of A Requirements For Graduation, Air Command And Staff College, Air University, U.S, 6 April 1988, P.46.

184Joost R. Hiltermann: Op.Cit, P.76-77.

پێدەدا، شكستی عێراق لە فاو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جێبەجێكرا. زانیاریو نەخشەی دزەپێكراوی ئەمریكا بۆ ئێران، یارمەتی سەركەوتنی هێرشەكەیدا لە بەرژەوەندیی ئێران[١٨٥].

ئەوەی دۆخەكەی ئاڵۆزتركرد، دوو ڕۆژ دواتر فڕۆكەیەكی كۆنتراكانی نیكاراگوا، بە موشەكی سەربازانی نیكاراگوای خرایە خوارەوە، یەكێك لە فڕۆكەوانەكان بە دیل گیرا، بە ناوی یوجین هسنفوس دەستگیر كرا، بەڵگەكانی لاشەو ناو فڕۆكەكە، پیشانیی دەدا C.I.A بەشداره لە پرۆسەی سەربازی یاخیبوانیی كۆنترا دژی حكومەتی نیكاراگوا، ئەمە دەنگدانەوەیەكی گەورەی هەبوو لە ناو گۆنگرێس بەتایبەتی[١٨٦].

كاریگەرییەكانی لە لایەنی سیاسییەوە جەوهەرییو كردەیی بوون، بۆ نمونە وەك پەراوێزخستنو لەبەرچاونەگرتن، بەقسەی كاسپەر واینبێرگەر"لادان"بوو لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی ستراتیجییەتی كارپێكراوی ئەمریكا [١٨٧].

ئەم سكاندالە بوویە هۆی پرۆسەیەكی پاكسازیی لە كۆشكی سپی، پۆیندكستەر دەستی لەكاركێشایەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو (فرانك كارلۆچی) جێگەی گرتەوەو كۆڵن پاوڵ كە یاریدەدەری سەربازیی واینبێرگەربوو، بووە جێگری كارلۆچی. لەلایەكی ترەوە ویلیام كەیسی توشی جەڵتە بووبوو، لە كانونی یەكەمی ١٩٨٦ لە نەخۆشخانەبوو، دوای هەوڵی شكستخواردوو بۆ دانانی (ڕۆبەرت گەیتس) لە جێگەی، بەڵام (ویلیام ویبستەر) كە بەڕێوبەری(FBI) بوو، كرایە سەرۆكی C.I.A [188].

كاردانەوەی مامەڵەی ئێران-كۆنترا تەنها بۆ سەر واشنگتۆن نەبوو، بەڵكو جێگرەوەی ڕەهبەری باڵا، كە ئایەتوڵڵا مونتەزیری بوو، بە توندی دژی هەر مامەڵەیەك بوو لەگەڵ ئەمریكاو داوایكرد، هەر كەسێك لەگەڵ ئەمریكییەكان كۆبووبێتەوە، لەسێدارەبدرێت. ئەمە هۆكاری سەرەكیی دورخستنەوەی مونتەزیری بوو، لەلایەن خومەینییەوە[١٨٩]. لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران، داواكاری بۆ لێكۆلینەوەی بابەتی مامەڵەی چەك لە لایەن خومەینییەوە، بە نهێنی هێڵدرایەوە، بە هۆی ئەو زیانانەی بەر ئێران دەكەوت لە ئەگەری ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكە، بۆیە خومەینی بە تایبەتی دەستێوەردانی كردو ڕێگریی لەو لێكۆڵینەوەیە كرد[١٩٠]. زیاتر لەوەش لە ١٩ی ئاب مەهدی هاشمی، حوكمی مەرگی بەسەردا درا[١٩١]، وەك ئاماژەیەكو بە فەرمانی خومەینی بۆ لە سێدارەدانی مەهدی هاشمیو ژمارەیەك لە شوێنكەوتووانیی، سەرەڕای هاواری مونتەزیری بۆ لێخۆشبوونیان[١٩٢]. بێ ئەنجام مایەوەو قسەی خومەینی وەك خۆی بوونە كردار.

هەنگاوی تاكلایەنانەی ڕێگن، بە ناردنی چەك بۆ ئێران، لە نێو هاوپەیمانەكانی ئەمریكاو وڵاتەكانی عەرەبی كەنداو بە تایبەتی[١٩٣]، تورەییەكی قوڵیان هەبوو سەبارەت بە پشتیوانی ئەمریكا لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە بۆ ئێران دژی سەدام حسین، چونكە ژمارەیەك لە وڵاتە عەرەبییەكان، ئایدۆلۆژیای ڕادیكاڵی ئێرانیان بە هەڕەشەیەكی مەترسیدارتر لە

١٨٥ نزار عبدالكريم فيصل الخزرجي: الحرب العراقية-الإيرانية ١٩٨٠-١٩٨٨(مذكرات المقاتل)، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ط ١، بيروت، ٢٠١٤، ص٣٦١.

١٨٦ اري بن مناشه: مصدر پيشين، ص٢٠٦.

187Rosemary Hollis: Op.Cit, P.198.
188David Crist: Op.Cit, P.204.
189Ibid, P.200.
190Trita Parsi: Op.Cit, P.125.
191Ulrich Von Schwerin: Op.Cit, P.103-104.
192David Crist: Op.Cit, P.200.
193Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.216.

ئیسـرائیل دەزانی[194]، بەمەش کاریگەرییەکی کردەیی‌و ڕونی نەرێنی هەبوو سـەبارەت بە نیگەرانییان لەو هەنگاوە[195]، سـەبارەت بە تواناو لێهاتوویی ئەمریکا وەك هێزێکی بەرگریکار[196]، باوەڕبوونی بە ئەمریکا کەمکردەوە[197]. ئەمە لە هەموی مەترسیدارتر بوو بۆ واشنگتۆن، چونکە شپرزە بوون‌و سەرسامی سعودییەو وڵاتانی تری میانڕەوی کەنداو، دەربارەی پشـتیوانی ئەمریکا لە ناوچەکەو سـیاسـەتی بێلایەنی ئەمریکای لاوازتر کرد، لە بەرامبەر جەنگەکەو هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ فشارخستنە سەر وڵاتانی تر بۆ نەفرۆشتنی چەك بە ئێران[198]. هەروەك جۆرج شوڵتزی کە وەك دژێکی نزیکبوونەوە لەگەڵ ئێران دادەنرا لەنێو ئیدارەی ڕێگن، وتی:" دەسـتدرێژیمان کردە سـەر سـیاسـەتەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عەرەبەکان پشتیان بەستبوو بە ئەمریکا بۆ ڕۆڵگێڕانێکی بەهێزو بەرپرسیارانە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆتایی هێنان بە جەنگ، ئێستا وا لێمان دەڕوانن کە یارمەتی ڕادیکاڵترین هێزمان داوە لە ناوچەکەدا"[199].

بە ئاشـکرابوونی پرۆسـەکە، ئەمریکا ناردنی چەکی بۆ ئێران ڕاوەسـتان ، تارانیش ناچاربوو خۆی لەهەر مامەڵەیەك لەگەڵ واشنگتۆن بە دووربگرێت[200]، لە گەڵ ئەمانەشدا، هێشتا هاشمی ڕەفسەنجانی پێیوابوو لە دوای ئاشکرابوونی مامەڵەکە، دەتوانن درێژە بەو ڕێگایە بدەن، ڕەفسـەنجانیی لەو باوەڕەدابوو هەرچەندە ئەمریکا ڕاستگۆ نەبووە، بەڵام دەیانتوانیی لەو ڕێگەوە کۆمەك بە عێراق کەم بکەنەوەو توانای باشـتر بۆ خۆیان بەدەسـت بهێنن[201]. لە لایەکی ترەوە فەرەیدون مەهدی نەژاد، کە ئەفسـەرێکی پلە بڵندی سـوپای پاسـداران بوو، لەگەڵ جۆرج کاڤ پیوەندی باشـی هەبوو، پابەندبوونی ئێرانی دوپاتکردەوە بۆ سـتراتیجی لەگەڵ ئەمریکاو داوای هەمان هەڵوێسـتی لە واشـنگتۆن کرد بۆ بەردەوامی بە پێدانی چەك بە ئێران‌و بەکارهێنانی دەسـترۆیشـتوویی ئێران بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان، هەرچەندە شـۆلتز نەیدەویسـت ئەو کەناڵەی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران دابخرێت، بەڵام پێیوابوو دەبێت C.I.A دووربخرێتەوە. دەرئەنجـام، ئەم هەوڵە بێ ئەنجـام بوو، هەردوولا گەیشـتنە بنبەسـت[202]، ئەمەش بووە هۆی نزیکبوونەوەی ئێران‌و سـۆڤیێت، لەڕووی سـیاسـی‌و ئابوورییەوە[203]. لە بەرامبەریشـدا ئەمریکا بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخەی هاتبوویە کایەوە، بەتوندی ئاڕاسـتەی پەیوەندیی سـتراتیجی‌و پشـتیوانیی بەرەو عێراق گۆڕیی[204]، بە هیوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ تاران.

لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت، بابەتی ئێران- کۆنترا دەتوانرێت لە چەند ڕەهەندەوە شـایانی باس بێت، لە لایەکەوە هەسـتکردن‌و کارتێکردنێکی لای ئێرانییەکان دروسـتکرد کە واشـنگتۆن توانایەکی زیاتری هەیە بۆ مامەڵەی دولایەنەو

194Trita Parsi: Op.Cit, P.125.
195Robert O. Freedman: Gorbachev, Iran and the Iran-Iraq War, **From Book**: Nikki R.Keddie and Mark J. Gasiorowski (Edited): Op.Cit, P.121.
196Kenneth M.Pollack: Op.Cit, P.216.

**١٩٧** علی اکبر ولایتی: مصدر پیشین، ص٢٠٩.

198Craig R. Allen: Op.Cit, P.46.
199Rosemary Hollis: Op.Cit, P.198-199.

٢٠٠ کارول ر. سیوتز: اتحاد شوروی وخلیج فارس در دهه ١٩٨٠، ت: بیژن اسدی، مرکز مطالعات وتحقیقات جنگ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، چ١، تهران، ١٣٨٦، ص١٩٨.

**٢٠١** محمد درودیان: مصدر پیشین، ص٢٠٦ .

202David Crist: Op.Cit, P.200-201.

٢٠٣ کارول ر. سیوتز: مصدر پیشین، ص١٩٨.

204David W.Lesch and Mark L Haas: Op.Cit, P.241.

فریودان ئەگەر بگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانیدا؛ لەلایەکی ترەوە ئەمریکییەکان ڕق لێبوونەوەیان بۆ گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ بەرپرسە فەرمییەکانی ئێران بۆ هەر مەبەستێك، وازلێهێنا. دەرئەنجامی کۆتایی بریتیبوو لە سنوردانان بۆ کارکردن بە دیپلۆماسییەتی ئارامو بێدەنگ، وەك ڕێگەیەك بۆ باش کردنی پەیوەندییە دۆقۆڵییەکان لە قۆناغی دوای خومەینی[٢٠٥]. دەبێت دان بەوەدا بنرێت ئەو کۆبوونەوانەی ئێرانو ئەمریکا دوای ئاشکرابوونیش بەردەوامییان هەبوو، وەك هاشمی ڕەفسەنجانی لە ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٨٧ لە وەڵامی هەواڵنێری نیۆویۆرك تایمز ئاماژەی پێدا، کۆتا دانیشتنیان لەگەڵ ئەمریکادا لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٦دا بوو[٢٠٦]، چونکە ئێرانییەکان بە هیوابوون لەگەڵ هێوربوونەوەی گەردەلولەکە، گفتوگۆکان دەستپێبکەنەوە، کۆتا چاوپێکەوتن لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦ لە فرانکفۆرت ئەنجامدرا، بەڵام ئەمریکییەکان دانوستانەکانیان وەستاند لەبەر هۆکاری سیاسی[٢٠٧] و ئەو فشارە ناوخۆییو دەرەکیانەی ئیدارەی ڕێگنی گەمارۆدابوو.

205Rosemary Hollis: Op.Cit, P.199.

**٢٠٦** بدون مؤلف : مصدر پيشين، ص١٢.

207Trita Parsi: Op.Cit, P.124.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ئەنجام:

-ئیدارەی ئەمریکا بە درێژەکێشـانی جەنگی ئێران عێراق، ئێرانی خسـتبووە دۆخێکی پەراوێزخراوەوە، چاوەڕێی گۆڕینی مەترسیداری لە سیاسەتی دەرەوەی تاراندا دەکرد، ئەگەر لەسەر فشارەکانی بەردەوام بوایە، بۆیە بەشێك لە بەرپرسـانی ئەمریکا گەیشـتنە بڕوای نزیکبوونەوە لە ئێران‌و لاسـەنگ نەبوونی تەرازووی جەنگ لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیان.

-دەسـپێکی پەیوەندیی نهێنی ئەمریکاو ئێران، بە دەروازەی کۆشـکی تەلئەبیبدا تێدەپەڕیی، لەم ڕووەوە ئیدارەی ڕێگن کەوتەژێر فشاری ئیسرائیلەوە بۆ فرۆشتنی چەك بە ئێران‌و ڕێگرتن لە سەرکەوتنی عێراق‌و هێنانە پێشەوەی میانڕەوەکان‌و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ڕادیکاڵەکانی گۆڕەپانی سیاسی-سەربازی ئێران. لەسەر ئەو بنەمایە ڕێگن تیشکی سەوزی هەڵکرد بۆ C.I.A، بۆ ناردنی چەکی بۆ ئێران.

-زنجیرەیەك باری موشـەکی تاو، هۆك، زانیاریی هەواڵگریی لەسـەر پێگە هەسـتیارەکانی عێراق، ئاڕاسـتەی سـەرکەوتنەکانی لە بەرژەوەندی ئێران گۆڕی، باشـترین نمونەش گرتنی فاوبوو لەلایەن ئێرانەوە بە هاوکارییەکانی ئەمریکا. لەبەرامبەردا ئەمریکا جگە لە ئاسـایی کردنەوەی پەیوەندییەکان، ئازادکردنی بارمتەکانی ئەمریکا لە لوبنان...هتد لە ئامانجەکانی واشنگتۆن بوو لەم پرۆسەیەدا، بەڵام بە ئاشکرابوونی سکانداڵی ئێران-کۆنترا، شەپۆلێك ناڕەزایی‌و گومانی لە ڕۆڵی نابەرپرسـیارانەی ئیدارەی ڕێگن، لەسـەر ئاسـتی هاوپەیمانە هەرێمییەکان بە دوای خۆیداهێنا. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەڵەیە، ئەمریکا قەدەغەی چەکی بەسـەر ئێراندا سـەپاندەوەو بە توندیی لایدایەوە بەلای عێراقدا.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: نامەی ئەکادیمی:**

**١-بەزمانی عەرەبی:**

- محمد علي صداع حرج المحمدي: موقف الولايات المتحدة الأمريكية من حرب الخليج الأولى (١٩٨٠-١٩٨٨)، رسالة تقدم إلى مجلس كلية الآداب ، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في آداب- التاريخ الحديث، جامعة الانبار، العراق، ٢٠١٢.

**٢- به زمانی ئینگلیزی:**

- Craig R. Allen: The Persian Gulf Balance Of Power United States Foreign Policy And Response, Submitted To The Faculty In Partial Fulfillment Of A Requirements For Graduation, Air Command And Staff College, Air University, U.S, 6 April 1988.

- Robert Andrew Venables: The Decision to Apply a Modified Reagan Doctrine toward Mozambique: A Case Study of the Bureaucratic Political Model, Submitted in accordance with the Requirements for The Degree of Master of Arts in the Subject of International Politics at The University of South Africa, University of South Africa, January 2012.

**دووەم: کتێب:**

**١- به زمانی فارسی:**

- اری بن مناشه: پول وخون، ترجمه: د.مسعودانصاری، چ١، واشنگتن دی.سی، ١٩٩٣.

- علی اکبر ولایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق بر جمهوری اسلامی ایران، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، ض٦، تهران،١٣٨٦.

- کارول ر. سیوتز: اتحاد شوروی وخلیج فارس در دهه ١٩٨٠، ت: بیژن اسدی، مرکز مطالعات وتحقیقات جنگ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، چ١، تهران، ١٣٨٦.

-محسن میلانی: شکل گیری انقلاب اسلامی ( از سلطنت پهلوي تا جمهوری اسلامی)، ت: مجتبی عطارزاده، انتشارات گام نو، چ ٦، تهران، ١٣٨٨.

-محسن هاشمی و حبیب ا...حمیدی: ماجرای مك فارلین(فروش سلاح-آزادی گروگان ها)، دفتر نشر معارف انقلاب، چ ٢، تهران، ١٣٨٧.

-محمد درودیان: جنگ ایران وعراق موضوعات ومسائل، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انساني دانشگاه (سمت)-مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، چ١، تهران، ١٣٩١.

**٢- به زمانی عەرەبی:**

- نزار عبدالكريم فيصل الخزرجي: الحرب العراقية-الإيرانية ١٩٨٠-١٩٨٨(مذكرات المقاتل)، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ط ١، بيروت، ٢٠١٤.

-نيفين عبد المنعم مسعد:صنع القرار في إيران والعلاقات العربية-الإيرانية،مركز دراسات الوحدة العربية، ط ٢، بيروت، ٢٠٠٢.

-يورجين روث : صفقة السلاح المشبوهة وحرب الخليج، ترجمة: د.سامي أبو يحيى، مطبوعات الشعب، القاهرة، ١٩٩٠.

-فرانك دانينو: وكالة الاستخبارات المركزية الاميركية CIA، ت: عبير المنذر، الانشارات العربية، بيروت، ٢٠٠٩.

-تريتا بارزى: ايران و المجتمع الدولي(القصة الكاملة للمناورات السياسية وحقائق المفوضات حول الملف النووي الإيراني)، ترجمة: زينة إدريس، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط ١، بيروت، ٢٠١٢.

-تشارلز كيجلي و يوجين ويتكوف(إعداد): السياسة الخارجية الأمريكية ومصادرها الداخلية(رؤى وشواهد)، ت: عبدالوهاب علوب، المشروع القومي للترجمة، ط١، القاهرة، ٢٠٠٤.

-تمام البرازيي: يوميات الفضيحة الايرانية-الصهيونية الامريكية، دار الفكر للنشر، عمان، ١٩٨٧.

-راي تقية: ايران الخفية، ت:أيهم الصباغ، مكتبة العبيكان للنشر، ط ١،الرياض، ٢٠١٠.

-سعد البزاز:الحرب السرية (خفايا الدور الاسرائيلى فى حرب الخليج)، مركز العالم الثالث للدراسات و النشر، لندن، ١٩٨٥.

-عادل علي عبد الله : محركات السياسة الايرانية في الخليج العربي، دار مدارك للنشر، ط ٢، دبي ،٢٠١٢ .

**٣-به زمانی ئینگلیزی:**

- Barry Rubin: CAULDRON OF TURMOIL; America in the Middle East, 1st edition, Harcourt publisher, U.S.A, 1992.
- Bruce Riedel :What We Won (America's Secret War in Afghanistan 1979–89), Brookings Institution Press, Washington, D.C, 2014.
- David Crist: The Twilight War: The Secret History of America's Thirty Year Conflict with Iran, 1st published, Penguin Press, New York, 2012.
- David W. Lesch (Edited): The Middle East and the United States; A Historical and Political Reassessment, 3rd Edition, Westview Press, U.S.A, 2003.
- David W.Lesch and Mark L Haas: The Middle East and the United States; History, Politics, and Ideologies, Routledge, 6th Edition, New York, 2018.
- Eric Foner: Give Me Liberty! ; An American History from 1865, Volume 2, W.W. Norton& Company, 3rd Edition, New York, 2011.
- Eugene R. Wittkopf ,Christopher M. Jones with Charles W. Kegley, Jr.: American Foreign Policy Pattern And Process, Thomson Wadsworth , 7th Edition, U.S.A , 2008.
- James A. Bill: The Eagle and Lion: The Tragedy of American-Iranian Relation, Yale University Press, Unites States of America, 1988.
- James M.McCormick: American Foreign Policy and Process, Wadsworth Cengage Learning, 5th Edition, U.S.A, 2010.
- Joost R. Hiltermann: A Poisonous Affair; America, Iraq, and the Gassing of Halabja, Cambridge University press, first Published, New York, 2007.
- Kenneth M.Pollack: The Persian Puzzle; the conflict Between Iran and American, Random House, New York, 2005.

- Kevin M .Woods, Williamson Murray ,Elizabeth A. Nathan, Laila Sabara, Ana M .Venegas : SADDAM'S GENERALS; Perspectives of the Iran-Iraq War, Institute for Defense Analyses, Virginia, 2011.
- Lawrence G. Potter and Garry G. Sick: Iran, Iraq and legacies of war, Palgrave Macmillan, First published, New York, 2004.
- Nikki R. Keddie: Modern Iran; Roots and Results of Revolution Updated Edition, 2nd Edition, Yale University Press, U.S.A, 2006.
- Nikki R.Keddie and Mark J. Gasiorowski (Edited): Neither East Nor West; Iran, the Soviet Union and the United States, Yale University Press, New York, 1990.
- Ofira Seliktar :Navigating Iran from Carter to Obama, Palgrave Macmillan, 1st Published, New York, 2012.
- Penelope Kinch: The US–Iran Relationship; the Impact of Political Identity on Foreign Policy, I.B.Tauris & Co. Ltd, New York, 2016.
- Peter Kornbluh and Malcolm Byrne: The Iran-Contra Scandal; the Declassified History (A National Security Archive Document Reader), The New Press, New York, 1993.
- Richard S. Conley: Historical Dictionary of the Reagan–Bush Era, 2nd Edition, Published by Rowman & Littlefield, Maryland, 2017.
- Richard Foltz: Iran in World History, Oxford University Press, New York, 2016.
- Robert D. Schulzinger: U.S. Diplomacy since 1900, 5th Edition, Oxford University Press, New York, 2002.
- Ronen Bergman (Dr.): The Secret War with Iran: The 30-Year Clandestine Struggle Against the World's Most Dangerous Terrorist Power, Translated: Ronnie hope, Free Press 1st Press, New York, 2008.
- Scott Armstrong, Malcolm Byrne and Tom Blanton: The Chronology (The Documented Day-by-Day Account of the Secret Military Assistance to Iran and the Contras, Warner Books, New York ,1987.
- Seyed Hossein Mousavian with Shahir Shahidsaless: Iran and The United States (An Insider's View On the Failed Past and The Road to Peace,1rst Published, Bloomsbury Academic Publishing Inc., New York,2014.
- Stephen C. Pelletiere: THE IRAN-IRAQ WAR; Chaos in a Vacuum, 1st Published, Praeger Publishers, New York, 1992.
- Steve A. Yetiv: National Security through a Cockeyed Lens: How Cognitive Bias Impacts U.S. Foreign Policy, Johns Hopkins University Press, Maryland, U. S.A, 2013.
- Steve A. Yetiv: The Absence of Grand Strategy: The United States in the Persian Gulf, 1972–2005, The Johns Hopkins University Press, U.S.A ,2008.
- Steven W. Hook and John Spanier: American Foreign Policy Since World War II, CQ Press-an Imprint of SAGE Publications, Inc., 20th Edition, U.S.A, 2016.
- T. G. Fraser and Donette Murray: America and the World Since 1945, Palgrave Macmillan, 1st published, New York, 2002.
- Theodore Draper: A Very Thin Line; The Iran-Contra Affairs, Published by Hill and Wang, New York, 1991.
- Trita Parsi: Treacherous Alliance the Secret Dealings of Israel, Iran and The U.S., Yale University press, craven Book, U.S.A, 2008.

- Ulrich Von Schwerin: THE DISSIDENT MULLAH; Ayatollah Montazeri and the Struggle for Reform in Revolutionary Iran, I.B.Tauris press, New York, 2015.

**سێیەم: گۆڤار:**

**١- بەزمانی فارسی:**

- بدون مؤلف: افشاى روابط پنهانى رژيم خميني با آمريكا، گاه شمار بهمن ماه ١٣٦٥، مجله شورا، ماهنامه شوراى ملى مقاومت ايران، ضميمه شماره(٣٨)، بهمن ماه ١٣٦٥.

**٢- به زمانی عەرەبی:**

- حسن صبرا: بين منطق الدولة ومنطق الثورة..هذا ما جرى في طهران، مجلة الشراع اللبنانية، العدد ٢٤٢، ٣/ ١١/ ١٩٨٦.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034